دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥١
پێنج شەمە
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٥
٢١ی دێسامبری ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران
www. kurdistanukurd.com

## سمینارێکی سەدان کەسی لە ستۆکهۆڵم لەسەر لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران



کاتژمێر ٣و نیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٦/١٢/١٧ی زایینی سمینارێك سەبارەت بە هۆکارەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کومیتەی سوئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران بۆ بەڕێزان کاك خالید عەزیزی‌و کاك ئەحمەدی عەزیزی لە ساڵۆنی Husbytraff لە ستۆکهۆڵم، پێك هات. لەو سمینارەدا کاك خالید عەزیزی لەسەر هۆکارەکانی لەتبوونی حیزب‌و پلان‌و بەرنامەی کارو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران لەژێر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکاندا بە وردی بۆ بەشدارانی سمینارەکە دوا، پاشان کاك ئەحمەد عەزیزییش لە وتارێکی زانستیدا بە درێژە باسی قەیرانی نێوخۆیی‌و هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەو وەزعەو ڕێگا چارەکانی کرد. جێگای ئاماژە پێکردنە کە نزیك بە ٣٠٠ کەس کە لە نێو ئەواندا نوێنەری زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەشداری سمینارەکە بوون.

# پشتیوانی‌و هاوپێوەندیتان دەکەینە سەرمایەو هاندەرێکی بەنرخ بۆ تێکۆشانمان

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئەندامان! دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

دوای ئەوەی کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی‌و جێگران‌و راوێژکارانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناچار کران تێکۆشانی سیاسی‌و تەشکیلاتیی خۆیان بە جیا لە قۆڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی‌و لە ژێر ناوی‌حیزبی دیموکراتی کوردستان دا دەست پێ‌بکەن، خەڵکێکی زۆر لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی‌کوردستان‌وئێران ، لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر پێوەندییان بە ڕێبەری‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت. ژمارەیەکی زۆر لە حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یەکانی دۆستی حیزبی دیموکراتیش، هەر لەم پێوەندی‌یەدا پێوەندییان پێوە گرتووین. هەمووی ئەو بەڕێزانە وێڕای دەربڕینی خەم‌و بەداخبوونی خۆیان لە بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزب‌و سەرئەنجام لەتبوونی حیزبی خۆشەویستی دیموکرات، هیواداریيان دەربڕیوە لایەنی بەرامبەریش هەڵوێستی بەرپرسانە بگرێتەبەرو وەك لە بەیاننامەی ئێمەدا هاتبوو، ڕێگە نەدا کەلێن بکەوێتە یەکیەتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستان‌و کارێك نەکرێ کە بەربەست لە سەر ڕێگای هاوکاری لە داهاتوودا دروست بکا.

زۆر لەو بەڕێزانە کە پێوەندییان پێوە کردووین خۆشحاڵیی خۆیان لە نێوەرۆکی هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە راگەیاندوەو دەروەست بوونی حیزبی ئێمەیان لە ئاست پێویستیی نوێبوونەوەو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بواری جۆراوجۆردا بە مایەی دڵخۆشی‌و هیواداری زانیوەو پشتیوانییان لێ‌کردوە.

ئێمە لەم پێوەندی‌یەدا سوپاس‌و پێزانینی بێ‌پایانی خۆمان بەئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و تێکڕای دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنین‌و دڵنیایان دەکەین کە پشتیوانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ئەوان لە هەڵوێست‌و تێکۆشانمان، ئێمە لە سەر خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ڕێبەرانی شەهیدمان قازی‌و قاسملوو شەرەفکەندی‌و هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەمان گیانیان لە پێناوی‌دا بەخشی، شێلگیرترو هەروەها بڕیارمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لە نێو حیزب‌و کۆمەڵدا، پتەوتر دەکا.

جارێکی دیکە لە ئاست پشتیوانیی بەرینی تێکۆشەران، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات لە هەڵوێستمان‌و، هەروەها لە بەرامبەر هاوپێوەندیی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بە تایبەتی توێژی لاوو ڕووناکبیر لەگەڵ حیزبمان، سەری ڕێز دادەنوێنین و، بەو پەڕی دڵفرەوانی و هەستکردن بە بەرپرسایەتی‌یەوە پەیامی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی‌یەکانی دۆست و دلسۆزی حیزبی دیموکرات وەردەگرین. هەموو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلەکەمان‌و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان دەڵنیا دەکەین کە پشتیوانی‌و هاوپێوەندیی ئەوان‌و هومێد بەستنیان بە هەنگاوەکانی داهاتوومان، دەکەین بە سەرمایەو هاندەرێکی بەنرخ لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی خەباتگێڕانەمان دا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران**
**کومیتەی ناوەندی**
**١٣٨٥/٩/٢٢ ـ ١٣/ ١٢/ ٢٠٠٦**

هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەدا:

## پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەڵگری نوێترین بیرو باوەڕی سەردەمە

## ڕووداوی نەخوازراوی لەتبوونی حیزب دەکەین بە خاڵی دەستپێکی لەدایکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## ڕێورەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد:** بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی سەرماوەز بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی بە شکۆ لە ساڵۆنی گشتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێورەسمە سەعات ٩ و چل دەقیقەی بەیانی بە ڕێپێوانی ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و قوتابیانی قوتابخانەی ئازادی دەستی پێ کرد کە بە جلوبەرگی پێشمەرگانە و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ کە هێمای ئاڵای کوردستان بوو چوونە ساڵۆنی مەراسمەکانی حیزب و لەبەر دەرگا لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا.

٢



## دیداری هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



**ماڵپەڕی کوردستان و کورد** ـلەسەر بانگهێشتنی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٥ (١٧ی دێسامبری ٢٠٠٦)، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان:

ــ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە،سکرتێری پێشووی حیزب،ــ حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسی،ــ کاك فەتاح کاویان، کەسایەتیی ناسراووتێکۆشەری دێرینی حیزب، ـ سمایل بازیار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی،ــ ڕامبود لوتفیووری،کادری پێشکەوتووی حیزب،ــ محەممەد حەسەنپوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، چاویان بە هەیئەتێك لە سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار کۆسرەت ڕەسووڵ، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی وبە ئەندامەتیی بەڕێزان، عوسمان حاجی مەحموود، جەلال جەوهەر، بەکر فەتاح، ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئاسۆ مامەند، مام ڕۆستەم و شێخ کەریم کەوت. لەم دیدارە دۆستانەیەدا، بەڕێز کۆسرەت ڕەسووڵ بەداخبوونی خۆی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە لەتبوونی حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند و هیوای دەربڕی کە لە داهاتوودا تا بکرێ ئەو دوو لایەنە لێك نزیك ببنەوە. کاك کۆسرەت بەڕێزەوە ئاوڕی لە ڕابردووی حیزبی دیموکرات و خەباتی دووردرێژ و تێکۆشانی سەخت و خوێناویی ئەم حیزبە دایەوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەش لە لایەن خۆی و هاوڕێیانی‌یەوە سوپاسی هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات و خەمخۆرانی یەکیەتی و یەکڕیزیی حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد کە هەیئەتی هاوبەشیان بە مەبەستی ناوبژیوانی و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دۆستانە بۆ گرفتی نێوخۆیی حیزب ناردوە. بەڕێز حەسەنزادە ئاماژەی بەو هەوڵانەی خۆی و هاوڕێیانی کرد کە بۆ چارەسەری کێشەکە و گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزبی دیموکرات داویانە کە بەداخەوە لە ئاکامی پێداگریی لایەنی بەرامبەر لەسەر ڕوانگە و هەڵوێستەکانیان بە ئاکام نەگەیشتن. ڕێزدار حەسەنزادە جارێکی دیکە داوای لە حکوومەتی هەرێم و لایەنە بەرپرسەکان کرد هەموو هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی پرۆسەی لێك جیاکردنەوە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و زووتر بە ئەنجام بگا.

## کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی بۆ هاوڕێی تێکۆشەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی دێسامبری ٢٠٠٦ی زایینی عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لایەن حیزبی دیموگراتی کوردستانەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی‌دا بەشداری کرد. کۆنگرەکە لە شاری هەولێر، پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچووو، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی میدیاکانی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران و بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بەشی کوردیی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا ئامادە بوون.

٥

## بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە شانۆی هەڵبژاردن



بە پێی ئەو هەواڵانەی بە ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەیشتوون، خەڵکی کوردستان لە شانۆسازیی هەڵبژاردن‌دا بەشدارییان نەکردوە و بەپێچەوانەی پڕۆپاگەندەکانی ڕێژیم ناوەندەکانی دەنگدان خاڵی لە خەڵك بوون. ١٠


قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا ٢

پەیامەکانی پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ٣

ئەدەب‌و هونەر ٦

ئەوانەی لە پێش مەرگەوە ڕائەبورێن؟ ٨


ریفۆرم بە چ مەبەستێك؟ ٨

دەسەڵاتداریێتیی خەڵك ٩

خالید عەزیزی لە وتوویژێك لەگەڵ ڕادیۆ فەردا ١٠

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا:

# ئێمە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌یەوە هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی پێش بە لەتبوونی حیزب بگرین یان باشتر بڵێین یەکڕیزیی بگێڕینەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



## ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە

*درێژەی لاپەڕی ١* سەعاتی ١٠ بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب ڕێوڕەسمەکە دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕووداوی نەخوازراوی ئەم دوایی‌یانە کە بەسەر حیزبدا هات، هەروەها لەسەر هەڵوێست ورِوانین و هێڵەگشتی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان قسەی بۆ بەشداران کرد. بەڕێزیان لە بەشێك لە وتەکانی‌دا گوتی ئێمە سەبارەت بەو لەتبوونەی کە لە حیزبەکەمان‌دا بەسەرمان‌دا سەپا، ئەوەندە کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە داوای لێبوردن لە گەلی کورد دەکەین. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە بە هەموو تواناوە تێ‌دەکۆشین گیانێکی تازە وەبەر حیزبەکەمان بنێینەوە. بەڕێز مامۆستا لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا گوتی زۆر کەس کە بەهۆی جۆراوجۆر لە حیزب دوور کەوتوونەتەوە ئێمە داوایان لێ‌دەکەین هاوکاریی حیزبەکەیان دەست پێ‌بکەنەوە و، تا ئێستا لەوبارەوە زۆرمان هەوڵ داوە، بەڵام کارشکێنیمان لەگەڵ دەکرا، لەمەودوا بە ئامێزی ئاواڵاوە چ بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب و چ بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ حیزب دا وەریان دەگرین و ڕێزیان دەگرین. بەڕێز مامۆستا گوتی: دەبێ گرینگیی زیاتر بدرێ بە لاوان، ڕووناکبیران و ژنان. دەبێ لە حیزب‌دا میکانیزمێکی نوێ دابمەزرێ بۆ ئەوەی ئەوان لە ڕێبەری و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب‌دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ. هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا هیوای دەربڕی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بتوانرێ لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانی‌دا درێژە بە هاوکاری و هاوخەباتی بدرێ.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شاعیری شۆڕشگێڕ مامۆستا "بێ‌بەش" لەگەڵ خوێندنەوەی سوپاسنامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لیستەی ئەو کومیتانەی حیزب کە تا ئێستا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان پشتیوانییان لە هەڵوێستی ١٥ی سەرماوەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوە، یەکێك لە شێعرەکانی خۆی بە ناوی "سڵاو لە تۆ ئەی پێشمەرگە"ی خوێندەوە.

پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سکرتێری گشتیی ئەو یەکیەتی‌یە واتە بەڕێز ڕەحمان سەلیمی‌یەوە خوێندرایەوە، بە دوای ئەودا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز عیسمەت نەستانی سکرتێری ئەو یەکیەتی‌یە پێشکەش کرا.

"سڵاوی گەرمی دڵی پڕئومێدی مەت پێشکەش" گۆرانی‌یەك بوو کە بە دەنگی هونەرمەندی لاو گزینگ باڵەکی ڕێوڕەسمەکەی ڕازاندەوە.

شاعیری تێکۆشەر کاك ئەحمەدی قادری لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شێعری "پێشمەرگە"ی پێشکەش کرد. سروودی "مەڕێژن بۆم فرمێسکی غەم" لە لایەن کۆرسی یەکیەتیی ژنانەوە بەڕێوەچوو. خوشکە سوهەیلا قادریش یەکێك لە شێعرەکانی پێشکەشی بەشداران کرد. هەروەها هونەرمەند فەرهادی ساڵحی گۆرانی‌یەکی شادی پێشکەش کرد. دوو پارچە شێعری دیکە لە لایەن شاعیران عەبباس هەق بین و عەبدوڵڵا سەیداوە خوێندرانەوە. تیپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵاتیش چەند نموونە هەڵپەڕکێی کوردی نمایش کرد. دوو گۆرانی کە یەکیان بە کرمانجی و ئەوی تریان سۆرانی بوو بە دەنگی گزینگ باڵەکی و شوانە بڵکامە ڕێوڕەسمەکەیان ڕازاندەوە. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێز لە هاوڕێی خۆڕاگر کاك محەممەد شاروێرانی گیرا کە ساڵانێکی زۆر لە بەندیخانەی ڕێژیم‌دا ئەشکەنجە کراوە و ئێستا کەم ئەندامە.

ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز سەعات ١٢/٥ی نیوەڕۆ بە هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێ‌هات. جێگەی سەرنجە کە هەر لەو مەراسمەدا کچ و کوڕێکی پێشمەرگەی دێموکرات ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا و بووك و زاوا لە ساڵۆنی مەراسمەکە و لەو جەژنەدا بەشدار بوون. بەشدارانی جێژنی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ بە ڕادەیەك زۆربوون کە بەشێکی بەرچاویان ناچاربوون لە هەوای ساردی ئەم وەرزەدا لە دەرەوەی ساڵۆنی گشتی‌ڕا گوێ بۆ وتەکانی بەڕێز حەسەنزادە و بابەتە سیاسی و هونەری‌یەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە ڕابگرن. مەراسیمی ٢٦ی سەرماوەز لە نێو بەرنامەی شاد و هەڵپەڕکێی کچان و کوڕانی لاوی دێمۆکرات‌دا کۆتایی پێ‌هات.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد بە زوویی دەقی وتارە گرنگەکەی ڕێزدار حەسەنزادە لەم بیرەوەی‌یە مێژوویی‌یەدا بە ئاگاداریی خوێنەران و ئۆگران دەگەیەنێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**خوشك و برا بەڕێزەکان!**
**منداڵە چاوگەش و وریا و ئاگاو زیرەکەکان!**
**پێشمەرگە دێرین و جەوان و تازە پێگەیشتووەکان، پێشمەرگەکانی دوارۆژ!**

سڵاوتان لێ بێت، سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سڵاو لە کەمایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە عەرز و بەرِ هەڵی ناگرێو جێی نابێتەوە.

بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە ئێوە لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان لە هەر جێیەکی و لە هەر پارچەیەکی کوردستان و سەر بە هەر حیزبێکی سیاسی بن، لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان، لە بنەماڵەی شەهیدان و لە هەموو خەڵکی پێشمەرگە پەروەری کوردستان پیرۆزبایی دەکەم.

سڵاو لە پێشمەرگە، ئەوانەی سەریان لە ڕێگای ئامانجیان دانا، ئەوانەی لە ڕێگای خەبات دا نوقوستان، کەم ئەندام یان بریندار بوون، ئەوانەی بە سڵامەتی و سەربەرزی هەر ئێستا لە مەیدانی خەباتدا ئامادەن ئەگەر پێویست بوو ئەوانیش وەکوو پێشینەکانیان گیانیان بەخت بکەن.

سڵاو لە سێ ڕێبەری پێشمەرگە و سێ پێشمەرگەی ڕێبەر، شەهیدانی نەمر پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی. سڵاو لە هەموو ئەو ڕێبەرانەی کە شانبەشانی پێشمەرگە چوونە سەنگەری خەباتەوە و لە پەنا پێشمەرگەکان گیانیان لە پێناوی کوردستاندا بەخت کرد.

هەموومان دەزانین کە ئەمساڵ دەبێتە بیست و سێهەمین ساڵ کە جەژنی پێشمەرگە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا دەگرین. بە کورتی ئیشارەیەك بەو موناسەبەتە بەجێیە. پاش چەند ساڵ خەباتی مەرحەلەی ئێستامان لە ساڵی ١٣٦٣دا کەوتینە سەر ئەو فکرە کە دەبێ ڕۆژێك بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە دابنرێ.

زۆرمان بیر کردەوە، زۆر عەمەلیاتی گەورە و پڕ شانازی هەبوون کە بیانکەینە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە پاشان هەرچی بیرمان کردەوە عەمەلیاتەکان زۆر بوون، ئیفتخاراتەکان زۆر بوون، پێمان وابوو ئەگەر یەکیان هەڵبژێرین ڕەنگە هێزەکانی دیکە، ناوچەکانی دیکەی خۆیان بە مەغدوور بزانن. سەرەنجام هاوڕێیەکی دەفتەری سیاسی پێشنیاری کرد، با ئێمە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە. چونکی ئەگەر بە مەعنا واقیعییەکەی بڵێین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ئەو ڕۆژەیە کە بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکراوە. پێشمەرگە هەڵگری ئەو ئاڵایەیە، هەڵگری پەیامی ئەو ئاڵایەیە، پارێزەری ئەو ئاڵایەیە، کەوابێ زۆر بە جێیە لە نێو هەموو ڕۆژەکان دا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکەین. بە خۆشی یەوە ئەو پێشنیارە هەم لە دەفتەری سیاسی، هەم لە کومیتەی ناوەندی‌دا پەسند کرا. لەو ساوە تا ئەمڕۆ هەموو ساڵێ خەڵکی کوردستان هەر کەسەو لە شوێنی خۆی و بە پێی مەوقیعییەتی خۆی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا ڕێز لە پێشمەرگە دەگرن، ڕێز لە فیداکاری‌یەکانیان دەگرن، ڕێز لە شەهیدەکان و بنەماڵەی شەهیدەکانیان دەگرن، ڕێز لە بنەماڵەی پێشمەرگە دەگرن.

هەموو دەزانین، بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو خەڵکدا دەژین کە بنەماڵەی پێشمەرگە گوڵی سەرسەبەدی کۆمەڵی کوردەوارین‌و، سەربەرزن بە پێشمەرگەکانیان. ئەوەی بۆ پێشمەرگە دەکرێ، ئەوەی بۆ بنەماڵەی پێشمەرگە دەکرێ بەشێکی کەمە لەو پاداشەی کە موستەحەقی پێشمەرگەیە. پێشمەرگە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بێ ئەوەی چاوی لە پاداشێك، تەنانەت لە ئافەرین و سپاسێکیش بێ گیانی لە سەر بەری دەست دادەنێ بو پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل، بۆ یەدەست هێنانی ئاوات و ئامانجەکانی میللەتی خۆی. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە حافیز و پارێزەری ماڵ و گیان و نامووسی خەڵکە، گیان بەخت دەکا بۆ وەدەستهێنانی ئاواتەکانی میللەتی کورد، لە پاشانیش فیداکاری دەکا بۆ پاراستنی.

ڕەنگە هێندێك کەسمان هەبن کە پێیان وابێ ئێستە دەورانی پێشمەرگە بە سەر چووە، چونکی ئێمە لە حاڵەتی خەباتی چەکدارانەدا نین، ئەوە بۆچوونێکی نادروستە. هەتا ئەو وەختەی زوڵم و زۆر هەیە هەموو ڕۆژێ ئیحتیمالی هەیە کە وەختێکی دیکە لە هەلومەرجێکی دیکەدا پێشمەرگە دیسان سەنگەری خەبات ( خەباتی چەکدارانەش) ئاوەدان بکاتەوە بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. هەر وەکوو حیزبەکەمان و ڕێبەری شەهیدمان دکتور قاسملوو لە ئەوەڵین ڕۆژەکانی دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانە یان باشتر بڵێم دیفاعی چەکدارانەدا گوتی:"خەباتی چەکدارانە شێوەیەك لە خەبات نیە کە ئێمە هەڵمان بژاردبێ، دوژمنانی ئازادی بە سەر ئێمەیان دا سەپاندوە". چونکی ئێمە ئاشتیخوازین ، پێشمان خۆشە ئاواتەکان و ئامانجەکانمان بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا وەدی بێن. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە پێویستە لە پێناوی ئامانجەکانمان دا بمرین، کیژان و لاوانی کورد لە مردن سڵ ناکەنەوە. بۆیە ڕەنگە جارێکی دیکەش ئەوە بێتە پێشێ. هیوادارین مەنتیق ئەوەندە زاڵ بێت، ڕۆحی سەردەم ئەوەندە زاڵ بێت کە پێشمەرگە مەجبوور نەبێ چەکدارانە بچێتە سەنگەرەوە. بەڵام ئەگەر ئەوەشیان نەبوو ئەرکی پێشمەرگە تەواو نابێ. پێشمەرگە دەبێ دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد بپارێزی، بۆ پاراستنیان دیسان دەبێ چەك لە شان ئامادەی خەبات بێ. لە هەمووی گرنگتر ئەوانە خراپ لە پێشمەرگە حاڵی بوون کە پێیان وایە ئەرکی پێشمەرگە فەقەت چەك لەشان کردن و خەباتی چەکدارانەیە. پێشمەرگە، بە تایبەتی پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەڵگری نوێترین بیرو باوەڕی سەردەمە، پێشمەرگەی ئەمڕۆ پێشمەرگە مەیدانی سازەندەگی ، مەیدانی دروست کردن، مەیدانی نوێکردن و نوێبوونەوەیە. پێشمەرگە لە هەموو مەجالەکانی ژیاندا دەبێ پێشڕەو بێ. ئەو ناوە پیرۆزە بە خۆڕایی بۆ پێشمەرگە دانەندراوە. لە هەموو مەجالێك دا پێشمەرگەیە، یەعنی ئەگەر پێویست بوو مەرگی وەپێش مەرگی گەلەکەی دەخا بۆ ئەوەی گەلەکەی بە سەربەستی و سەربەرزی بژی.

**هاوڕێیان، خوشکان، برایان، عەزیزان!**

ئەمساڵ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ دیاردەیەکی تازە بەرەوروویە. لەو ساڵۆنەدا کە دانیشتووین ـ هەرچەندە ساڵۆن و دەوروبەری ساڵۆن، مەوج دەدا لە ئینسان ـ بەڵام بەشێك لە ڕەفیقەکانی ساڵانی ڕابردوومان لە تەنیشتی خۆمان نابینین. دەزانم بۆ هیچتان ئەوە دڵخواز نەبووە، هەروەها بۆ خەڵکی کوردستانیش شتێکی وا دڵخواز نەبووە. بەڵام بۆچی حیزبەکەمان تووشی ئەو ڕۆژە بوو. لە کاتێك دا میللەتەکەمان لە هەموو وەختان پتری ئیحتیاج بە یەکریزی و پێکەوە بوون هەیە، حیزبی دیموکراتی کوردستان دوچاری لەت بوونێك هاتوە. لێرەدا دەمهەوێ بە کورتی ئاوڕێك لەو مەسەلەیە بدەمەوە، لە حاڵەتی ئێستادا زۆر لە خەڵکی بۆیان پرسیارە کە ئەم حیزبە بۆ دوچاری ئەو ڕۆژە بوو.

تەبیعەتەن لایەنی موقابیلی ئێمەش هەوڵ دەدا کە تەقسیری ئەم لەتبوونە بخاتە گەردنی ئێمەوە. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە لە ١٢ ساڵ لەمەوبەرەوە کە حیزبی دیموکرات پاش لەتبوونێکی کە تێی کەوتبوو توانی ڕیزەکانی یەکخاتەوە، وەکوو ئەو وەختی ناومان لێنا بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەسەریەك بخاتەوە، لەو کاتەوە ئەوانەی کە موخالیفی یەکریزیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوون بەرنامەیان هەبوو بۆ ئەوەی ئەم حیزبە جارێکی دیکە دوچاری لەتبوون بکەنەوە. لە دوو ساڵ لەمەو بەرەوە و کەمێکیش زیاتر، یەعنی لەو کاتەوە کە ئەو هاوڕێیانەمان ئیحساسیان کرد کە زۆرایەتیی کۆنگرەیان بە دەستەوەیە بەردی بناغەی لەتبوونێکی وەك ئەوڕۆیان دانا. ئێمە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌یەوە هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی پێش بە لەتبوونی حیزب بگرین یان باشتر بڵێین یەکڕیزیی بگێڕینەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەڵام زۆر تێ‌کۆشاین و کەم سەرکەوتین، چونکە ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو. مەسەلەکەش هەر ئەوندە نەبوو کە ئەو هاوڕێیانە هەوڵیان دابوو نەك موخالیفانیان، ئەوانەی کە لە فارسی پێیان دەڵێن "دگراندیشان" ئەوانەش لە پەراوێز بخەن، بەڵکوو ئەم حیزبەیان تووشی هێندێك هەڵەی سیاسی کردبوو، هێندێك لادان لە پڕەنسیپەکانی کردبوو، کە لە بەر ئەوەی ئوسوولی دێموکراتیك لە حیزب دا بە تەواوی پێشێل کرابوو ئیمکانی ڕاستکردنەوەی دەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی دڵسۆزانەی ئێمە نەبوو. چونکی هەموو جۆرە موشارەکەتێك، هەموو جۆرە ئیستفادەیەك لە فیکر و بیری هاوڕێیانیان لە لایەن وانەوە مەردوود بوو.

ئەوان کە زۆرایەتییان لە کومیتەی ناوەندی دا پێ بوو لە دیموکراسی تەنیا یەك تەفسیریان هەبوو، ئەویش ئەوەیە، کەمایەتی دەبێ تابعی زۆرایەتی بێ. ئێمە زۆرمان هاوار کرد بابە زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیتان هەیە موبارەکتان بێ، بەڵام ئەوەڵەن کەمایەتی و زۆرایەتی بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە، لە پاشان دیموکراسی هەر ئەوە نیە کە کەمایەتی، پێڕەوی لە زۆرایەتیی بکات، ئەوە ئاخرین ڕەوشت و سروشتی دیموکراسییە. ئێمە دیمۆکراسیمان تەنیا لە موقابیل دیکتاتۆری دا نیە، دیکتاتۆری فەردیمان هەیە، دیکتاتۆری کەمایەتیمان هەیە، دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە، جا ئەو جار دیموکراسیمان هەیە. ئەوەی ئێوە ئێعمالی دەکەن دیمۆکراسی نیە بەڵکوو دیکتاتۆریی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندییە، نەك زۆرایەتیی حیزبیش.

وەختێك هەوڵەکانمان لەو پێناوەدا هەموویان تووشی شکست بوون، هەوڵی دڵسۆزان (هەم لە نێو حیزب هەم لە دەرەوەی حیزب)، هەوڵی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، هەوڵی پارلمانتاران ، هەوڵی شەخسییەتە کوردەکان، هەمووی لە عەرزی درا، ئێمە ناچار بووین کە تەسمیمێکی دیکە بگرین، تەسمیم بە چی؟، نە بە جیابوونەوە ـ ئیستلاحێکی زۆر نادروستە کە گوایە ژمارەیەك جیابوونەوە، ئەویش ماشەڵڵا بەو تەعبیرەی کە دەگوترێ:

←

**شەڕ بە هەموو ترسنۆکێك هەڵدایسێ، بەڵام سوڵح بە پیاوانی گەورە دەپارێزرێ. هەموو ئینسانێکی ـ هەرچەند چووکەڵەش ـ دەتوانی تۆڵە بستێنی، بەڵام گوزەشت کاری ئینسانە گەورەکانە**

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیمۆکراتیك لە نێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

ژمارەیەك کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە (ئەوە دەبینن ئەو ژمارەیە)!! ئێمە ناچار بووین کە ئەو لەتبوونە قبووڵ بکەین، بۆ؟! چونکی ئێمە دەزانین زۆر بە داخەوە حیزبەکەمان فەلەج ببوو، باسی شوعار ناکەین، شۆعار هیچ نیە. بەڵام لە عەمەل دا ئەم حیزبە فەلەج ببوو، تواناکانی ئەم حیزبەی سەرفی کێشەی نێو خۆیی بوون هەرچی هەوڵیشمان دا کە تواناکانمان ئازاد کەین لە چوارچێوەی حیزبی واحیددا، هەوڵەکانمان تێکەڵ بکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی موخالیفان و دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد سەرنەکەوتین. بۆیە مەجبوور بووین ئەو لەت بوونە قبووڵ بکەین، بۆ ئەوەی تواناکانمان ئازاد بکەین.

به ئیجازەی هاوڕێیانی ڕێبەریی حیزب، لە پشتی ئەم تریبوونەوە، بە قەد ئەوەندەی کە ئێمە بەشمان بە خەتای لەتبوونی حیزبەوە هەیە داوای لێبووردن لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم. بەڵام هەر لەو کاتەدا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان با ئەو تەعەهودە بسپێرین ــ هەموومان ـ کە بە هەوڵ و تێکۆشانمان بە کەکریزی و یەکگرتنمان، بە شەو و شەونخوونیمان، بە کردنەوەی دەرگاکانمان بەرەو رووی فکرە تازەکان، ئینسانە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ کارێك بکەین، ئەم ڕووداوە ببێتە لە دایك بوونەوەیەکی تازە بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کارێك بکەین نائومێدی جێگای خۆی بدات بە ئومێد و گەش بینی، فرمێسکەکان ببێت بە قاقا. ئەمن لەو پێوەندییەدا لە لایەن خۆم و هاورێیانی ڕێبەرایەتیی حیزبەوە ـ کە شانازی ئەوەیان بە من دا ئەمن لێرە وتاری ئەوان پێشکەش بکەم ـ سپاسی تەك تەکی ئێوە دەکەم کە هەم لە فشار بۆ سەر زۆرینەی ڕێبەرایەتی دا، بۆ ئەوەی تەسلیم بێ بە یەکڕیزی حیزب و پێکەوە هێشتنەوەی ئەم حیزبە، هەم لەوەدا یەکدەنگ بوون، خۆڕاگر بوون لەگەڵ هەموو ئەو فشارەی لە سەریان بوو، لەبەرامبەر لە پەراوێز خستن، مجازات کردن، بەملاوئەولادا دان، مقاوم بوون و مانەوە، هەم لەو چەند ڕۆژەدا کە بە سەر لەتبوونی حیزب دا تێدەپەڕێ ئەوپەری مەسئولییەتیان لە خۆیان نیشان داوە، ئەو پەری بزورگوارییان لە خۆیان نیشان داوە. نەیانهێشتوە شتێك ڕووبدا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێی نیگەرانن.

جار و بار لە هاوڕێ پێشمەرگەکانم بیستوە کە پێیان وابووە ئەوە تەسلیم بوونە و زەعفە و ئەوە... ، نەخێر ئەوە "بزرگوار"ییە. شەڕ بە هەموو ترسنۆکێك هەڵدایسێ، بەڵام سولح بە پیاوانی گەورە دەپارێزرێ. هەموو ئینسانێکی ـ هەرچەند چووکەڵەش ـ دەتوانی تۆڵە بستێنی، بەڵام گوزەشت کاری ئینسانە گەورەکانە.

ئێمە ئەو حیزبە لە نوێ دروست دەکەینەوە، دەیگێڕینەوە سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە کۆنەوە تا ئێستا پێ ناسراوە.

ئێمە ئازادیی دەربڕین، ئازادیی نەزەران لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا، هەروا کە پرەنسیپی حیزبە و هەروەکوو کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ بڕیاریان لەسەر داوە، لە نێو حیزبدا بۆ هەموو تاکەکان و بۆ هەموو گرووپەکان تەزمین دەکەین. ئێمە پێشوازی لە هەموو فکرێکی تازە دەکەین، هەموو بیرێکی تازە و ئیدەیەکی تازە موناقەشە دەکەین، ئیجازەی موناقەشەی ئازادی فکری تازە بێنە نێو ئەو ڕێبەرییەوە، کەوابێ دەبێ بۆ ئەوانیش ئێمە میکانیزم دروست بکەین کە تەزمین بکەین حەتمەن لاوان و خوێنی تازە، خوێنی تازە نەك هەر لەبەر ئەوەی لاوە، لەبەر ئەوەی هەم لاوە، هەم بیری نوێی پێیە. هەموو لاوێك بیری تازەی پێ نیە و هەموو پیرێکیش بیری کۆنی پێنیە، بەڵام لاوانی تازە پێگەیشتوو و شۆڕشگێڕ بە بیری تازەوە دەبێ تەزمین بکەین کە بێن لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا نەقش بگێڕن.

ئەوەمان پێ ڕاستە کە قازانجی کۆمەڵ، قازانجی گشتی موقەددەمە لەسەر قازانجی تاك بەڵام [کۆمەڵ] لە ئینسانان پێك دێ، لە تاکەکان پێك دێ، ئێمە دەبێ تەزمین بکەین کە تاك، (فەرد) شەخسیەتی خۆی هەبێ، خۆی ببینێتەوە لەم حیزبەدا و لە کۆمەڵی ئایندەی کوردەواریدا، دەبێ ئازادیی تاك بپارێزین تا ئەو جێیەی ئازادیی تاکێکی دیکە دەخاتە خەتەرەوە یا قازانجی گشتی دەخاتە ژێرپێ، دەنا دەبێ ئەو ئازادییە هەم بە تاك بدەین هەم بە گرووپ بدەین.

زۆر لەمێژە ئێمە هەوڵێکمان هەبووە کە ئەو کەسانەی بە دەلایلێك لە حیزبی دێمۆکرات دوور کەوتوونەوە یا لە جێدا ئینسانی موستەقیل بوون، لە دەوری حیزبە سیاسییەکان نەبوون، لە دەروی ئەم حیزبە کۆ بکەینەوە کە بەداخەوە هەموو وەختێك لەگەڵ کارشکێنی بەرەوڕوو بووە. ئێمە باوش بۆ ئەوانە دەکەینەوە، بانگهێشتنیان دەکەین، پێشوازییان لێ دەکەین کە بێن ـ ئەگەر پێیان خۆش بوو لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا کاربکەن و سازمان بدرێن ـ پێیان خۆش نەبوو لە دایرەیەکی گەورەتر لە حیزبدا و بۆ قازانجێك و بۆ ئامانجێکی گەورەتر لە ئامانج و شوعاری ستراتیژیکی حیزب هەوڵ بدەن.

هەڵوێستمان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك خۆیەتی، نەگۆڕە. ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی دژی ئینسانی دەزانین، بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و هەموو گەلانی ئێرانی دەزانین. خەباتمان بۆ گۆڕینی ئەو نیزامە بە نیزامێکی دیموکراتیك و ئینسانی لە هەموو شێوەکانی مومکین‌دا بە پێی هەلومەرج ئیدامە دەدەین.

سیاسەتی ئەم ڕێژیمە لە بارەی تیرۆریزم و تیرۆریزمپەروەرییەوە، لەبارەی دوژمنایەتی دەگەڵ ئاشتیی ناوچەیی و جیهانییەوە، لەبارەی خۆچەکدارکردنەوە و بە تایبەتی خۆچەکدارکردن بە چەکی ئەتۆمییەوە بە تەواوی مەحکووم دەکەین.

کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا بە میلیارد دۆلار خەرجی وەدەست هێنانی سیلاحی ئەتۆمی دەکا کە خەڵکەکەمان تەنانەت بۆ نانیش بەشێکی زۆری موحتاجە. زیاتر لە یەك لەسێی خەڵکی وڵاتەکەمان لەژێر خەتی فەقردا دەژی، لە وڵاتێکی دەوڵەمەندا. هەر ئەو ڕۆژانە گوێتان لێیە هەموو مایەحتاجی ژیان گران بووە تەنانەت نانیش کە خواردنی سەرەکیی هەموو ئینسانەکانە.

بەرانبەر بە هێزە کوردستانییەکان، ئێمە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ـ لە کوردستانی ئێران ـ ئەو هێزە سیاسییانەی ناسراون، ئەو هێزە سیاسییانەی کە خەت و ڕێبازی سیاسییان ڕوونە، هەموویان بە دۆست و هاوکار و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین. هەموو هەوڵەکانمان دەخەینە کار بۆ ئەوەی لە زووترین وەختی مومکین‌دا دەگەڵیان بە تەوافوق بگەین لەسەر پێك هێنانی یەکگرتنێکی کوردستانی ـ جا لە چوارچێوەی بەرەدا، یا لە چوارچێوەی ناوێك‌دا کە لەسەری پێك دێین ـ پێمان وایە ئەوە زەرووڕەتی موبارەزەیە. لەمێژە ئەوەمان گوتوە، ئەوە تازە نیە، گوتوومانە حیزبی ئێمە بۆ ئەوەی لە ئاڵوگۆڕەکانی ئایندەی ئێران‌دا کە چاوەڕوان دەکرێ، بتوانێ نەخشی خۆی بگێڕێ دەبێ لە چەند بواردا هەوڵ بدا: پێش هەموان ریزەکانی خۆی پتەو بکا، لە پاشان ریزی خۆی و هێزە کوردستانییەکان پتەو بکا، ئەمجار دەگەڵ ئەو هێزانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بەشێك لە میللەتانی ئێران تێدەکۆشن هاوکاری بکات، دواتر لە سەتحی ئێران‌دا لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان هاوکاری بکا. دەبێ لە هەمووی ئەو بوارانەدا هەوڵ بدەین و خۆمان بە موتەعەهید دەزانین. پێش هەموانیش ـ دیارە ئەوەی وەپێشمان خستووە ئەویان موهیممە ـ ریزەکانی خۆمان پتەو بکەین بۆ ئەوەی لە هەموو حیسباتێکدا وەزنی خۆمان دابنێین وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان.

هێزە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌دا بە دۆست و برا و هاوپەیمان دەزانین. پیرۆزبایی لە دەسکەوتەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی گەرمێن ـ بە قەولی کوردەواریی خۆمان ـ دەکەین و دەستخۆشییان پێدەڵێین. لە پێوەندییەکانمان‌دا حیسابێکی تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان، بە تایبەتی بۆ دوو هێزی سەرەکی کە لە واقیعدا دەسەڵاتی کوردستانیش بە دەرەجەی یەکەم لە دەستی ئەواندایە، حیسابێکی تازە بۆ ئەو دوو هێزە دەکەین. ئەزموونی کوردستانی عێراق هەم بە مایەی شانازیی هەموو میللەتی کورد دەزانین، هەم بە تەجرەبەیەك و نموونەیەکی باش دەزانین بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا. ئێمە شانازی دەکەین کە کورد لە عێراقدا



پێدەدەین تا باشترین نەتیجە گونجاو دەگەڵ دەسکەوتەکانی عەسری ئەمرۆی لێ بەدەست بێنین.

ئەم حیزبە هی هەموانە، بە هەموانەوە جوانە، ئەو شوعارەی ئێمە لەمێژە هەڵمانگرتوە، دەبێ ئەم حیزبە لە هەموو تواناکانی، لە هەموو نەوعە جۆراوجۆرییەکانی بە قازانجی حیزب کەڵك وەربگرێ، بێ لەبەرچاوگرتنی جینس، مەنتەقە، دین، مەزهەب و هەر جۆراوجۆرییەکی دیکە.

هەروەکوو لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبیش‌دا هەیە، سەرەڕۆیی و تەکڕەوی لە حیزبدا جێی نیە و جارێك بۆ هەمیشە دەبێ ماڵائاوایی لە حیزبی دیمکراتی کوردستان بکات. دەبێ هەموو بڕیارەکانمان نەتیجەی ئیرادەی موشتەرەکمان بێت.

ئێمە دەبێ موتابقی ڕووحی عەسر لە شەفافییەت کەڵك وەربگرین، سیاسەتەکانمان، بڕیارەکانمان بۆ خەڵك ڕوون بن، بنەمای ڕوونیان هەبێ، لە ئیرادەی خەڵکەوە سەرچاوە بگرن، لە خزمەتی قازانجەکانی میللەتی خۆمان‌دا بن. دەبێ ڕێز بۆ ئازادیی بیر و قەڵەم و ئەندیشە دابنێین. دەبێ پیاوان و ژنانی بەتوانا و لێزان، نەك هەر سەرکوت نەکەین، بەڵکوو دەستیان بگرین و کۆمەکیان بکەین، وا بکەین کە حیزبەکەمان وەپێش بخەن. حیزبێك کە بیهەوێ نوێ بێتەوە، دەبێ بە ڕووحی نوێ تەغزیە بکرێ.

ئێمە دەزانین کە حیزبی دیموکرات ــ ئەمەیان بە داخەوە ـ لە کۆنەوە تائێستا لەگەڵ موشارەکەتی کەمی ژنان لە ئیدارەی ئەم حیزبەدا، لە بەڕێوەبەریی ئەم حیزبەدا بەرەوڕوویە، ئێمە موتەعەهیدین، لەسەرمانە میکانیزمێك دروست بکەین کە بەشداریی ژنان لە ئیدارەی حیزبدا، لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریدا تەزمین بکات، بە شوعار نا، بە میکانیزم.

ئەگەر هەر بە پێوانە کۆنەکان عەمەل بکەین، هەتا ریش‌سپییەکی وەکوو من و کاك جەلیل و ڕەفیقەکانی دیکە هەبن ڕەنگە ڕێگا بە لاوەکان نەدەین بێنە نێو ڕێبەریی حیزبەوە و

## ئێمە ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادیی نەزەردان لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا، هەروا کە پرەنسیپی حیزبە و هەروەکوو کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ بڕیاریان لەسەر داوە، لە نێو حیزبدا بۆ هەموو تاکەکان و بۆ هەموو گرووپەکان تەزمین دەکەین

بۆ لاپەڕەی ٤

# هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر

## چاوی بە بەرپرسان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەسیاسییەکان کەوت

هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان:

ـ کاك جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی ناسراوی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد و کاك کەمال کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر لە ڕۆژانی ٢٠ ـ ١٨ ی سەرماوەز (١١ ـ ٩ ی دێسامبری ٢٠٠٦)دا، لە هەولێر چاویان بە بەرپرسان و نوێنەرانی ژمارەیەك حیزبو ڕێکخراوی سیاسی کەوت و لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسی، ڕۆشنبیری و بەرپرسانی دام ودەزگا جۆراوجۆرەکان دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد.

لەو چاوپێکەوتنانەدا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیشکیان خستە سەر هۆیەکانی لەتبوونی حیزبو، سیاسەتو هەڵوێست و هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی حیزبیان بۆ لایەنی بەرامبەر ڕوون کردەوە. هێندێك لەو حیزب و ڕێکخراوانەی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوی پێیان کەوت بریتین لە:

- مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان
- مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
- سەرکردایەتیی پارتی ئازادیی کوردستان
- بەرپرس و کارگێڕانی پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان (پارتی دێمۆکراتی کوردستان)
- هاوڕێ عەزیز محەممەد
- بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان ـ لقی هەولێر
- ڕاگەیاندنی پارتی دێمۆکراتی کوردستان
- پەروەردەی گشتیی هەولێر

و ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتیی نیشتمانپەروەر.

لەم دیدارانەدا، حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان وێڕای بەداخبوون لە لەتبوونی حیزبی دێمۆکرات و بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزب، ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدانی پێوەندیی دۆستانە و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوە.

# چاو پێکەوتنی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سلێمانی

لە ڕۆژانی ٢٣ ـ ٢١ی سەرماوەزی ١٣٨٥ (١٤ ـ ١٢ی دێسامبری ٢٠٠٦) هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەڕێزان:

- کاك جەلیل گادانی و کاك رامبود لوتفپووریلە سلێمانی چاویان بە بەرپرسان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بنکە و ناوەندە کولتوورییەکان کەوت. هێندێك لەو بەڕێزانەی هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چاوی پێیان کەوت بریتی بوون لە:

- کاك عوسمانی حاجی مەحموود، وەزیری نێوخۆی حکوومەتی هەرێم
- کاك قادر عەزیز، سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- کاك مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دێمۆکراتییەکان
- کاك عەبدوڵڵا موهتەدی و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان
- کاك سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دیمۆکرات و ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی لق
- کاك بارزان ئەحمەد کوردە بەرپرسی مەڵبەندی ١ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- بەرپرسانی لقی حیزبی شیوعیی کوردستان لە سلێمانی
- ژمارەیەك لە بەرپرسان و کارگێڕانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
- ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە
- کاك فەتاح زاخۆیی بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشان
- بەرپرسانی بنکەی ژین

و چەند کەسایەتیی دیکە

لەم دیدار و چاوپێکەوتنانەدا هەیئەتی حیزبی دیموکرات لەسەر هۆیەکانی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و نێوبژیوانیی حیزب و ڕێکخراوەکانی دۆست بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزبی دیموکرات بۆلایەنی بەرامبەر دوان و، سیاسەت و هەڵوێستەکان و خەتە گشتییەکانی ڕێبازی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان ڕوون کردەوە. هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییانە جارێکی دیکە بەداخبوونی خۆیان لە لەتبوونی حیزبی دێمۆکرات ڕاگەیاند. هەر لەو کاتەشدا ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند.

## درێژەی قسەکانی مامۆستا حەسەن زادە لە ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەدا

نەخشێکی وەدەس هێناوە کە ئێستێ نەك هەر چارەنووسی بەشی ئەساسی لە کوردستانی بەدەستەوەیە، بەڵکوو بۆتە مشـوورخۆر و خەمخۆری هەموو عێراقی‌یەکانیش، هەموو عێراقی‌یەکانیش چاویان لە هەوڵ و تەقەلای کوردەکانە کە بۆ گەیشتن بە دوارۆژێکی ڕووناکتر کۆمەکیان بکەن.

ئێمە پێمان‌وایە کە بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ئەوەی کە هەلومەرجی جیاوازی هەیە، لە هەر وڵاتێك‌دا نوقتەی هاوبەشی زۆرن، لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا دەکرێ و دەبێ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان پێکەوە هاوکاری بکەن لەسەر هێندێك شت ڕێك کەون بۆ ئەوەی کورد بتوانێ بە تایبەتی لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی‌یەکان‌دا بە یەك دەنگ قسە بکات و خەڵك تێ‌بگات کە کورد چی دەوێت. تۆزێك بەولاوەتر دەچم، ئەوە کوفر نیە زۆر جارمان گوتوە و ئەوەمان لە ڕێبەری شەهید و گەورەمان دوکتور قاسملوو بۆ بەجێ‌ماوە کە دەڵێ "ئەگەر ڕۆژێك کوردستان یەك بگرێتەوە ئەوە جیابوونەوە نیە ئەوە یەکگرتنەوەیە"، بەڵێ یەکگرتنەوەی کوردستان هەقی موسەللەمی میللەتی کوردە و کورد نابێ لە ترسی ئەوەی پێی بڵێن "جوداییخواز" واز لەو هەقەی بێنێ، دەبێ داوای بکات، دەبێ کاری بۆ بکات و دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی دنیایە، بیروڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت دەوڵەتەکانیش حاڵی بکات. بە قەولی هەژاری:

ئەگەر کوردیش ببن بە پیاو
وەك گەلانی خودا پێداو
هیچ زیانی بۆ پەز نابێ
کەس لە لای خوا ناحەز نابێ

**ئازیزان!**

بۆ ئەوەی قسەکانم لەوەی زیاتر درێژ نەبنەوە، سەعی دەکەم هێندێك شت بە کورتی بەسەریان‌دا تێ‌پەڕم. هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی ئێمە بەشێکیان هەر ئێستا بەناوی "هێڵە گشتی‌یەکان" بڵاو بوونەتەوە، لەمەودواش هەموو ڕۆژێ ئێمە ئیزهاری نەزەر دەکەین، مەوزیع دەگرین لە سەر مەسایلی سیاسی، ئێوە تەعقیبیان دەکەن و لێیان ئاگادار دەبن. کورتەی قسە ئەوەیە:

ئێمە دەمانهەوێ ئەم حیزبە نوێ بکەینەوە. پێمان خۆش بوو حیزبی دیموکراتێکی یەکپارچە نوێ بکەینەوە، بەڵام ئەگەر ئێستا نەمانتوانیوە ئەوە بکەین ، ئەو حیزبی دیموکراتی کوردستانەی کە

ئێستا بۆخۆمان تێیدا تێ‌دەکۆشین دەبێ بە هەوڵ و هیممەتی هەمووان بکەینە ئەو حیزبە کە میللەتی کورد چاوەڕوانیەتی، کە میللەتی کورد ئومێدی پێ‌بەستوە.

بەڵام پێم خۆشە لێرەدا لە پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان دا هێندێك شت بڵێم، هەروەکوو گوتم ئێمە پێمان خۆش نەبوو دووچاری ئەو ڕۆژەی ببن و لە نەتیجەی بەداخەوە نەوعێك پاوانخوازی و بڵێین ڕاوەستان لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان ئێمە تووشی ئەو ڕۆژە بووین. بەڵام ئێستا کە وامان لێ‌هاتوە ئێمە پێمان خۆشە ئەو شتانە لەنێو خۆمان‌دا ڕەعایەت بکەین. پێش هەموو شتێك ئێمە دەبێ پێوەندیمان لەگەڵ وان، لەگەڵ بەرپرسەکان و ڕێبەرەکانیان تا دەگاتە پێشمەرگەی سادە، دەبێ خۆش بێ. ئەگەر سەدجار جوابی سڵاومان نەدەنەوە، ئێمە سەلامیان لێ‌دەکەین. سەلام وشەیەکی عەرەبی‌یە بە مەعنای ئاشتی‌یە، بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەوان حەز لە ئاشتی دەکەین، ئەوان دوژمنی ئێمە نین، خۆمان بە دوژمنی ئەوان نازانین و ئەوانیش بە دوژمنی خۆمان نازانین. لە پاشان پێم خۆشە تکا بکەم کە هەموومان زمانمان، قەڵەممان خاوێن بێ لە هەر حەملەیەکی ناشیرین بۆ سەر ئەوان. ئێمە دەبێ فەزایەك بخولقێنین - زیاتریش مەسئولییەتەکەی لەسەر ئێمەیە - لێتان نەشارمەوە خەڵکی کوردستانیش ئەو مەسئولییەتەی دەخاتە سەرشانی ئێمە کە دەبێ ئێمە فەزایەك بخولقێنین - ئەگەر نەمانتوانیوە پێکەوە لەنێو یەك حیزبدا خەبات بکەین، سبەینێ لە بەرەیەك‌دا پێکەوە هاوکاری بکەین.

لە مقابلەی سیاسی‌دا، ئەوە شێوەیەکی زۆر مەزمووم و ناشیرینە کە پیاو هەر حەملە بکاتە سەر خەڵکی ئەوەی کە ئێستا ئەو هاوڕێیانەمان دەیکەن. تەلویزیۆنێك کە بە زەحمەتی هەموومان و بە کاری هەمووماں پێك هاتوە ئێستا شەو و ڕۆژەکەی بەشێکی زۆری بۆ ئەوە تەرخان دەکرێ کە بەدگۆیی ئێمەی لەسەر بکرێ. لە پاشان هێندێك شتی وا دەنووسن یان دەڵێن کە بەداخەوە فڕی بە سەر هەقیقەتەوە نیە.

ئێمە لێرەدا هەر ئەوە دەڵێین، ئەو هاوڕێیانەمان ئەگەر باوەڕیان بە سیحەتی قسەکانی خۆیان هەیە با مل بۆ ئەوە ڕاکێشن هەر لە تەلەویزیۆنی تیشك مونازیرەیەك، دوو مونازیرە بکەین. قسەی خۆمان بۆ خەڵکی بکەین. با مل بۆ ئەوە ڕاکێشن کە نەوارەکانی کۆنگرەی سێزدە - کە پێیان وایە ئەوان هی کۆنگرەی سێزدەن و ئێمە بێگانەین لە کۆنگرەی سێزدە - کۆنگرەی سێزدە هەمووی هی ئێمەیە، شتە سیاسی‌یەکانیشی هەمووی هی ئێمەن، کەوابێ کۆنگرەی سێزدە ئێمە قبووڵمانە، هەموو بڕیارەکانیشمان قبووڵە، حەتا بڕیارێکی خراپی کە تێیدا درا بۆ سانترالیزەکردنی حیزب ( بۆ ئەوەی درێژ نەبێتەوە ناچمە سەری) ئەویشمان چونکی بڕیاری کۆنگرە بوو قبووڵمان کردوە. با ئەو نەوارانە هەموو بڵاو بکەنەوە تا خەڵك بزانێ کۆنگرەی سێزدە بەرهەمی فکر و کاری کێ بووە.

لە بەربەرەکانێی سیاسی‌دا ئەو کەسە هجووم دەکاتە سەر خەڵکی کە قسەی نیە خۆی پێ بناسێنێ، خۆی پێ تەعریف بکا. ئێمە قسەمان هەیە بۆ خەڵکی، قسەمان هەیە خۆی پێ تەعریف بکەین. لەو ململانێیەدا ئەو کەسە نایباتەوە کە قسەی کاڵتر دەکا، کە جنێوی گەورەتر دەدا، کە بوختان دەکا.

ئەو کەسە بەرەندەیە کە شتی ئوسووڵی مەترەح دەکا، شتی وا دەڵێ کە خەڵك تێی بگا، خەڵك قبووڵی بێ. کەوابێ ئێمە نابێ بکشێین بە دوای ئەوەدا. لەو پێوەندی‌یەدا پێم خۆشە جارێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسانەدا کە لە ئینتێرنێت دێنە گۆڕێ قسەی خۆم و بە ئیجازەی هاوڕێیانی ڕێبەریی حیزب، قسەی هەمووان بکەم. ئێمە هەروەکوو زۆرجاری دیکە وتوومانە ئەو جۆرە نووسینە سەخیفانە لە تەرەف هەر کەسەوە بن مەحکووم دەکەین، پێمان وایە زۆر شت لە دژی ئەو هاوڕێیانەی دیکەمان دەگوترێ کە کاری دڵسۆزان نیە، ڕەنگە دوژمنانمان بیکەن بۆ ئەوەی ئەوان وابزانن ئێمە کردوومانە. ئێمە لە هەمووی بێزارین. لەم تریبوونەوە جارێکی دیکە ڕادەگەیەنم هەر شتێکی بە بێ‌ناو لە سایتەکانی ئینتێرنێت بڵاوبێتەوە کە هجووم و قسەی ناشیرینی تێدایە ئێمە وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان لێی بێزار و بێ‌بەرین.

لە کۆتایی‌دا جارێکی دیکە بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و لە هەموو پێشمەرگەکان دەکەم.

*ـــ سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان*

*- سڵاو لە هەوڵ و هیممەت و فیداکاریی پێشمەرگە*

*ـــ سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، بەتایبەت شەهیدانی ڕێبەر، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی*

*- سڵاو لە خەڵکی پێشمەرگەپەروەر و دیموکرات پەروەری کوردستان*

*- سڵاو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان*

*ـــ ئێوەش هەر ساغ و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.*

*زۆر سپاس*

# پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

## بەیاننامەی کۆمەڵێك لە خوێندکارانی کوردی زانستگەکانی سەرانسەری‌و "ئازاد"ی ئێران

## ئێمە خوێندکارانی کوردی ئێران بە تەواوی تواناو ئاستی وشیاریی خۆمانەوە پشتگیریی خۆمان لە ڕەوتی ڕەسەن‌و ڕێفۆرمخوازی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیەنین

وێڕای سڵاو

ئێمە خوێندکارانی کوردی زانستگەکانی سەرانسەری‌و ئازادی ئێران سووکایەتیی چەند کەس لە کادرە پاوانخوازەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب بە ڕێفۆرمخوازانی حیزبی دێموکرات، بە ئاگادار بوون لە پرسەکانی دوای کۆنگرەی ١٣و لە پەراوێز خستنی کادرە ڕەسەن‌و بەرابردووەکانی حیزب کە میراتگری بە حەقی حیزبی دێمۆکرات دوای کۆماری کوردستانن، مەحکووم دەکەین‌و، بە پێداگرتن لە سەر ئەو خاڵە کە حیزب لە مێژووی سیاسیی خۆی دا بەردەوام لە (ئاست) قازانج‌و بەژەوەندەکانی جەماوەری بێبەشی خەڵکی کوردستان دا وەفادار بووەو سیاسەتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی خۆی لەم پێناوەدا داڕشتووەو...، بەڵام لایەنی دەسەڵاتخواز بە گرتنە بەری سیاسەتگەلی دژ بە بنەماو ڕوانگەکانی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبەکەمان، ڕێگای یەکیەتیی لەگەڵ پان ئێرانستەکان‌و سەڵتەنەتخوازەکانیان، کە لە بنەڕەت دا هیچ بڕوایەکیان بە مافە بێ ئەملاو ئەولاکانی خەڵکی کورد نیە، گرتەبەر. بە شایەدی مێژوو و بە پشت بەستن بە بنەماکانی پێڕەوی حیزب دەتوانین بڵێین کە ئەم حیزبە دێموکراتیکترین ڕەوتی سیاسیی کورد بووە کە بەردەوام لە کۆمەڵگەو ڕێکخستنەکانی دا بە پرنسیپە دێموکراتیکەکان وەفادار ماوەتەوەو خواستی ئەندامان‌و لایەنگران بەردەوام لەلایەن ڕێبەرییەوە سەرنجی دراوەتی‌و لە بەر چاو گیراوە. بەڵام لایەنی پاوانخوازو فرەخواز بە کەڵك وەرگرتن لە فێڵ‌و تەڵەکەی تەشکیلاتی توانی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی ١٣ دا وەدەست بێنێ‌و دوای ئەویش دەستی کرد بە پاکانە نێو تەشکیلاتییەکان‌و بڕوا بە خۆمانەو ناخۆمانەو هەروەها خانەنشین کردنی کادرە بەرابردووو خۆشناوەکانی حیزب کە تەمەنێك لە ڕێگای خەڵك، حیزبی دێموکرات‌و کۆماری کوردستان دا هەوڵیان دابوو.

**ئێمە پێمان وایە ئەو ڕەوتە چونکە ڕەوتێکی ڕەسەن‌و خەڵکییەو کادرەکانی ئەو وەفاداریی خۆیان بە قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی خەڵك سەلماندوەو چونکە ڕەوتێکی دێموکراتیکەو دەروەستی پرنسیپەکانی دێموکراسی‌و بەشداریی بەرینی توێژەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە، دەبێتە ڕەوتی باڵادەست‌و خۆشەویستی خەڵك. خەڵکیش ڕەوتی نادێموکراتیك‌و پاوانخواز لە پێکهاتەی نێوخۆی حیزبی دێموکرات دا بە توندی مەحکوم دەکەن.** ئەم دیاردەیە دەبێتە جۆرێك پاڵاوتنی حیزب لە بۆچوونە نادێموکراتیك‌و خۆبەدەستەوەدەرانەکان کە لە دژوارترین هەلومەرجی سیاسی - مێژوویی دا بە سەر حیزب دا سەپاوەو ڕەنگدانەوەی جۆرێك لە گوشارە دەروونییەکان‌و سیاسەتی ژێربەژێرو ناراستەوخۆی دەستە گومان لێکراوەکان لە سەر جەستەی حیزب بوو کە لە دیاردەی گوشارهێنان بۆ سەر کادرە ڕەسەن‌و لە مێژینەکانی حیزب دا خۆی دەرخست‌و ئاواتی تۆڵەئەستاندنەوە لە ڕەوتی ڕەسەنی حیزب بوو. بڕوامان بەوە هەیە کە دوای ئەمە بە هاوبیری‌و هاوئاهەنگیی زیاتری کادرەکانی حیزب‌و ڕەچاوکردنی بنەما دێموکراتیکییەکان‌و وەفادارمانەوە بە ئامانجە ڕەسەنەکانی خەڵکی کوردو پشتگیری هەمەلایەنەی ڕووناکبیران‌و خوێندکاران‌و خەڵکی زەحمەتکێش، حیزب گیانێکی دیکەی وەبەر دێتەوەو وەك یەکەمین ڕەوتی دێموکراتیك‌و جێگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا حیزب داهێنەرو بەڕێوەبەری ئەو بوو، پێگەی شیاو و دێموکراتیکی خۆی لە کوردستان، ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەسەلمێنێ.

ئێمە خوێندکارانی کوردی ئێران بە تەواوی تواناو ئاستی وشیاری خۆمانەوە پشتگیریی خۆمان لە ڕەوتی ڕەسەن‌و ڕێفۆرمخوازی حیزبی دێموکرات‌و بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ڕادەگەیەنین‌و ڕێگای سەربەرزی‌و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان کە هەمان ڕێگای مەزن پێشەوا قازی محەمەد، ڕێبەری شەهیدو بلیمەتمان دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو وڕێبەری زاناو بیرمەندمان دکتور سادق شەرەفکەندییە، شان بە شانی ڕێفۆرمخوازانی حیزبی دێموکرات‌و بەڕێز مامۆستا درێژە پێ دەدەین.

## بەشێك لە پەیامی بەرپرس‌و کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات کە یەکێك لە دەسکەوت و یادگارەکانی کۆماری کوردستانە، هەمیشە شانازیی بە حیزبی دیمۆکراتەوە کردوەو مەکۆیەك بووە بۆ خەبات و داکۆکی لە مافەکانی ژنان و پشتیوانی لە خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، هەم سەبارەت بەو داکۆکی کردنانەی ئەو بەشە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە یەکیەتیی ژنان‌و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بۆخۆی وێڕای ئەوان لە بەرەی چاکسازی و گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ ڕیزەکانی حیزب و ڕێکخراوە سینفییەکانی ئەم حیزبە هەوڵی داوە لە بەرنامەو پرۆژە ڕێفۆرمخوازانەکان و ئامانجە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب دا خۆی دەبینێتەوە. بۆیە پشتگریی تەواوی خۆی لە بەیاننامەی ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ئەو بەشە لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە دەستپێکردنی تێکۆشانی سەربەخۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران" دا ڕادەگەیەنێ

## چەند بەشێك لە پەیامی پشتگیریی کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا

ئەو تێکۆشەرانەی کە ئێستا، لە ژێرناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان – ئێران خەباتێکی نوێ و سەردەمیانەیان دەست پێکردووە، بە هێڵەگشتی یەکانیان، دڵفرەوانی و نیازپاکی یان، خاوێنی قەڵەم و قسەیان، ئاگایی و ژیربێژی یان، ڕوایەکی نوێ یان لە دڵی ئازادیخوازانی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی زیندوو کردۆتەوە. ئەو هەڵوێستە نوێیە موژدەی هاوخەباتی و هاوپەیمانی بەرفراوانی هێز و کەسایەتی یە خەباتگێڕەکانی لێ چاوەڕوان دەکرێ، کە لەمێژە جێگایان بەتاڵە و پشتگوێ خراون.

ئێمە ژمارەیەک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کانادا، بە هەستکردن بە بەرپرسیاری لە ئاست خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و پڕوا بە چاکسازییەکی بنەڕەتی بۆ ئاستێکی بەرزتری سەردەمیانە لە نێوخۆی حیزبی دێمۆکڕات دا، پشتیوانی خۆمان لە بەیاننامەی ڕێکەوتی ٦-١٢-٢٠٠٦ کە لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب بە نێوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان- ئێران دەرچوو، ڕادەگەیەنین. جارێکی تر بەڵێن دەدەین کە وەک هەمێشە تا وەدی هاتنی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە سەر ڕێبازی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە ئامانجی بەرزی، وەدیهێنانی ئازادی و دابین کردنی ئاسایش بۆ گەلی کوردە بمێنینەوە.

ئاواتە خوازین هاوڕێیان و هاوخەباتەکانی پێشوومان لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە کردەوەیەکی دێمۆکڕاتیک و بەرپرسانە، کە لە ئاست خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دەکەوێتە سەر شانیان، بە چاوی هاوخەباتی بۆ ئازادیی گەلە ژێردەستەکەمان، پڕواننە هاوڕییانی پێشوویان.

با هەمووومان پێکەوە، هەر کەسە و هەر هێزەی لە ڕێبازی هەڵبژاردەی خۆیەوە، تواناکانمان بۆ بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ دوژمنانی ئازادی نەتەوەکەمان، لە سەرووی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران بخەینە گەڕ و سەریەک.

## بەشێك لە بەیاننامەی کومیتەی بەڕێوەبەری‌و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ئێمە داخ و کەسەری خۆمان بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و مێعمارانی وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێمۆکڕات، بۆ گەڕاندنەوەی یەکریزی بۆ نێو حیزب لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە، دەردەبڕین. ئێمە هەرچەند لایەك لە کێشە نێوخۆییەکانی حیزب نەبووین و لە چوارچێوەی سەربەخۆیی ڕێکخراوەییمان دا تێکۆشانمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە لە دوای کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانەوە ڕێکخراوەکەمان لە لایەن زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە کەوتە بەر دەستێوەردانی ناڕەواو و بە دوور لە پرنسیپە دێمۆکڕاتیکەکانی حیزبی دێمۆکڕات و بە پێشێل کردنی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوان و بە مەبەستی پاوانکردنی یەکیەتیی لاوان، ڕێکخراوەکەمانیان بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی و دووبەرەکی و لە ئاکام دا دوو لەت بوون برد. پێکهێنانی یەك لایەنەی بەناو کۆنفڕانسەکانی لاوان لە دانمارك، سوئێدو فەنلاند و بڕیاری لابردنی سکرتێری لاوان لە لایەن ئەندامانی دەفتەر سیاسی سەر بەو باڵە هەوڵێك لەو ڕاستایەدا بوو. ......

.....یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە هەڵوێستی ٢٠٠٦/١٢/٦ی زایینیی کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕادەگەیەنێ و لاوان دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو هەڵوێستە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی حیزبی دێمۆکڕات و، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕات پشت ئەستوور بە هاوکاری و ڕێنوێنیی ئەم حیزبە و تێکۆشانی هەزاران ئەندام لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەرەو ئامانجەکانی هەنگاو دەنێ.

درێژەی پەیامەکان بۆ لاپەڕی ١٠

### لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا لە هەولێر،

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەگەر باش عەمەل بکەین، فرمێسکەکان دەبنە قاقای پێکەنین

ئامادەکردنی:

سیامەك قەوی پەنجە

بەناوی کورد و کوردستان و بەناوی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرووی هەموویانەوە سێ رێبەری شەهید، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی.

منیش بەنۆرەی خۆم بەخێرهاتنی نوێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندن دەکەم. زۆریش سپاستان دەکەم کە بۆ ئەو کۆنفرانسە چاپەمەنییە یان بڵێین رۆژنامەنووسییە تەشریفتان هاتۆتە ئێرە. ئەمن پێم خۆش بوو بۆ کۆنفرانسێکی ئاوا هەم زیاتر باسی مەسایلی سیاسیی مەربووت بە کوردستان و ئێران و ناوچە و دنیا بکەم، هەم پرسیارەکانی ئێوە لە پێوەندی لەگەڵ بیروبۆچوونەکان و روانگەکانی حیزبی دێمۆکرات لەو پێوەندییەدا بن. بەڵام گومانم نیە هەروەکو برای بەڕێز کاك خالید [محەممەدزادە] ئیشارەی پێکرد، ئێستا هەمووی ئێوەی پێتان خۆشە لەبارەی ئەو مەسەلەیە کە لەنێو حیزبی دێموکراتدا رووی‌داوە بۆتان بدوێم.

لەبەر ئەوە ئەمن بەکورتی هێندێك شت لەو بارەیەوە باس دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی مەجال بدەم بە ئێوە بەڕێزان سەعی دەکەم قسەکانم زۆر کورت بن، با زۆر شت لە زیمنی پرسیاردا روون بێتەوە. ئارەزووشم ئەوەیە کە پرسیارەکان تەنیا لەو دەوروبەرەدا نەبن بەڵکوو لە بارەی مەسایلی سیاسییشەوە و بیروبۆچوونی ئێوەشەوە لەبارەی مەسایلی سیاسییەوە، ئێوە پرسیار بێننە گۆڕێ.

هەروەك باسکرا لە رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٦دا بەشێك لە ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەك نەك جیابوونەوەی خۆیان بەڵکوو بە جیاکارکردنی خۆیان لە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی راگەیاند. کەس لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان جیا نەبۆتەوە. نە ئێمە و نە رەفیقەکانی دیکەمان.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەداخێکی گرانەوە لە نەتیجەی هێندێك پێشێل کرانی پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی کە هەمیشە هەم حیزب شانازیی پێوەکردوون و، هەم دۆستان و ئاشنایانی میللەتی کورد و بزووتنەوەی کورد شاهیدیان بۆ داوە (لە نەتیجەی ئەوەدا) [ئەو بەشە لە ئەندامانی رێبەری] نەیانتوانی پێکەوە ئیدامە بەکار بدەن. لە ماوەی نزیك بە دووساڵو نیو بگرە زیاتر بەشێکی زۆر لە کادرەکانی ریزی هەرە پێشەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نەتیجەی ئەو بۆچوونە تەسك بینانە و ئەوەی کە پێمان گوتوە پاوانخوازانەدا خرابوونە پەراوێز، پرەنسیپە دیموکراتیکەکان لەبیربرابوونەوە، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر کە ئەو بەشەی ناوی نرا ئۆپۆزیسیۆن، لەچوار مانگی رابردوودا دایان، بە ئاکام نەگەیشت. نێوبژیوانیی بەشێکی زۆر لە ئەحزابی کوردستانی لەنێو ئەواندا دوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەم بەشە لە کوردستان، (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی)، هێندێك حیزبی دیکەی ئەم بەشەی کوردستان و هێندێك حیزبی کوردستانی خۆمان، ئەوەی پێمان دەگوت کوردستانی کوێستان، هێندێك کەسایەتیی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب و ئەندامانی پارلمان، هەمووی ئەوانە لە ئاکامی گوێ رانەگرتنی بەشی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ نێوبژیوانییەکە بێ‌ئاکام مانەوە.

کار گەیشتە جێگایەك کە وەك لە بەیاننامەکەی ئەو هاوڕێیانەدا هاتبوو: بەکردەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەت ببوو، لەتبوونێکیش کە هەوڵەکان، تواناکان لە جیات ئەوەی خەرجی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی میللەتی کورد و خەبات دژی دوژمنانی ماف و ئازادییەکان ببێ، سەرفی بەربەرەکانی دەگەڵ یەکتری دەکرا. لە یەك قسەدا دەتوانین بڵێین ئەو حیزبە لە زۆربارەوە فەلەج ببوو. وەختێك ئێمە لەوە نائومێد بووین کە هەوڵەکانمان بەجێیەك بگەن، پێمان باش بوو هەوڵەکانمان، تواناکانمان ئازادبکەین، بەجیا کاربکەین، لە جیاتی ئەو ململانێیە نامەشرووع و نارەوایە، بکەوینە ململانێیەکی پیرۆز. هەوڵ بدەین هەر کەسەمان بەجودا کار بکەین بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانمان، بۆ خزمەتی ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد. میللەتی کوردیش لەو نێوەدا قازی بێ، داوەر بێ و هەڵبژێرێ.

هەروەکی لەوێدا گوتوومانە، ئێمە کارمان خەباتە بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و رووی خەباتەکەمان لە جمهووریی ئیسلامییە و لەو دەوڵەتانەیە کە دەسەڵاتی زاڵمانەیان بەسەر کورددا سەپاندوە.

کاری ئێمە بەربەرەکانییەك دەگەڵ رەفیقەکانی پێشوومان‌دا نیە، نە لە بواری پروپاگەندە و نە لە هیچ مەجالێکی دیکەدا. بەهیچ جۆر نامانەوێ لەو بوارانەدا دەست پێشخەر بین. ئارەزووشمان ئەوەیە کە ئەوانیش هەر ئەو رێگایە بگرنەبەر. بە باوەڕی من ئەوانیش ئەگەر ئەو رێگایە بگرنەبەر، ئەو نائومێدیە کە حەتمەن بەشێك لە خەڵکی ئێمەی گرتۆتەوە، ئەو خەمانە کە چوونە دڵی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان دەڕەونەوەو لە پاشان زۆر کەس گریاوە بە ئیتمینانەوە دەڵێم، ئەگەر باش عەمەل بکەین، ئەو فرمێسکانە دەبنە قاقای پێکەنین.

ئەو حیزبە لەمێژە ئیحتیاجی بە نوێبوونەوە هەیە. راستە حیزبێکی بەپرەنسیپ بووین ئێمە، شانازی بە رابردووی ئەو حیزبەوە دەکەین. حیزبێك بووین ئیعتبارمان هەبووە، بەڵام حیزب لەسەر رابردووی خۆی نابێ بژی، حیزب دەبێ هەمیشە لە حاڵی بەرەوپێشچوون و نوێبوونەوەدا بێ. ئەوە ئیددیعای ئەمڕۆ نیە من دەیکەم. دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە کە دەکاتە دووساڵو نیو بەر لە ئێستا ئەمن جارێکی لە کۆبوونەوەیەکی‌دا ئەو قسەیەم کرد. گوتم نزیك بە سێ ساڵ بەر لە ئێستا ئەمن بەرنامەم بۆ ئەو کارە داوە بە کۆمیتەی ناوەندی، پەسندیش کراوە. بەڵام بە دەلایلێك کە نامهەوێ لێرە باسی بکەم، ـ چونکی دوور و درێژە ـ جێبەجێ نەکراوە. کەوابێ باوەڕ بە ئاڵوگۆڕ لەنێو ئێمەدا ئەورۆ دروست نەبووە. لەمێژە ئەو باوەڕە هەیە. بەس ئەو ململانێیە نێوخۆیی‌یە نارەوا ونالەبارە نەیهێشتوە ئەو ئاڵوگۆڕە ببێ. ئێستا ئێمە لەجیاتی ئەوەی بەقازانجی تەرەفی موقابیل یان بە نەفعی کەسی دیکە خۆمان تەعریف بکەین، دەمانهەوێ خۆمان تەعریف بکەین کە چیمان دەوێ.

هەروەك لە شتێکی‌دا کە بەناوی "هێڵەگشتییەکانی رێبازی ئێمە" بڵاومان کردۆتەوە، ئێمە دەمانهەوێ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت، لە مودیرییەت، لە شێوە سازماندان و لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا و بەگشتی لە هەموو حیزبدا پێك بێنین. ئەو هەوڵە رەنگە تەنیا بە هەوڵ و هیممەتی ئەو کەسانە کە ناسراون وەکوو حیزبی دێمۆکرات و، وەکوو رێبەریی حیزبی دێمۆکرات نەبێ. ئێمە لەو بوارەدا پشتمان بە هێزی ئەو لاوانە، ئەو ئینسانە نوخبە و خوێندەوارانە بەستوە کە بە رووحی ئەو عەسرە پەروەردە بوون و دەیانهەوێ کۆمەڵەکەیان بەرەوپێش بەرن. چونکە حیزبی دێمۆکراتیش ئامرازێکە، وەسیلەیەکە بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ دەیانهەوێ لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش‌دا خەبات بکەن، هاوکاری بکەن بۆ بەرەوپێش چوون و نوێبوونەوەی ئەو حیزبە.

ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی موتڵەق هەیە لە نێو حیزبی دیموکرات دا هەروەها لە نێو کۆمەڵ‌دا، تا ئەو جێگایەی ئازادیی فەرد نەبێتە مانعی فەردێکی دیکە یا قازانجی گشتی نەخاتە مەترسییەوە. ئازادیی بیروبۆچوونی گرووپ لە نێو حیزب دا بە رەسمی دەناسین. باوەڕمان بە پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب هەیە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە خەڵکی کوێیە؟ لە چ جنسێکە، یانی ژنە یا پیاوە؟ لە چ مەزهەبێکە؟ لە چ دینێکە؟ لە چ ناوچەیەکە؟ باوەڕمان بە پێویستیی بەشداریی گشتی لە بڕیاردان دا هەیە. هەر کەسە لە مەوقعییەتی خۆیەوە. ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی جۆرێك بەشدارییان هەیە لە بڕیاری حیزبەکەیان دا، ئەوانەی لە بەدەنەی حیزب یان لە قاعیدەی حیزب دا هەن، بە جۆرێکی دیکە. یانی دەبێ بڕیاری ئەو حیزبە لە خوارەوە بۆ سەرێ خەڵك تێیدا بەشدار بێ، باوەڕمان بەوە هەیە.

بەرامبەر جمهووریی ئیسلامی، ئەم رێژیمە بە رێژیمێکی دژ بە ماف‌و ئازادییەکانی میللەتی کوردو هەموو گەلانی ئێران‌و هەموو خەڵکی ئێران دەناسین. بە رێژیمێکی تێرۆریست‌و تێرۆریست پەروەری دەناسین. سیاسەتەکانی لە بارەی ئاژاوەنانەوە لە ناوچەدا، لە بارەی دوژمنایەتیی ئاشتی نێونەتەوەیی‌و ئاشتی لە ناوچەدا، لە بارەی خۆچەکدار کردنەوە بە تایبەت خۆچەکدار کردن بە چەکی ئەتۆمی‌یەوە مەحکووم دەکەین. ئێمە دەزانین جمهووریی ئیسلامی لە حاڵێك دا بە میلیارد دولار خەرجی ئەوە دەکا کە دەستی وەچەکی ئەتۆم رابگا، راستە لە ژێر پوشش، لە ژێر پەردەی ئێنێرژیی ئەتۆمی دایە، بەڵام لە حاڵێك دا کە خەڵکی ئێرانێ لە وڵاتێکی خاوەن نەوەتی وەك ئێرانێ دا بێنزینیان نیە. لە حاڵێك دا ئەوە دەکا کە رۆژ بە رۆژ ئەوەی ئیحتیاجاتی رۆژانەی ژیانی خەڵکە گران‌و گرانتر دەبێ، لەوانە نان. حەتتا نان هەموو رۆژێ قیمەتی دەچێتە سەرێ. ئێمە پێمان وایە رێژیمێك کە رێژیمی گەلی بێ، بۆ میللەتی خۆی دڵسۆز بێ، لە جیاتی چەکی ئەتۆمی ئەو موشکیلاتە بۆ میللەتی خۆی حەل دەکا.

لە نێو هێزە کوردستانی‌یەکان دا هەوڵمان‌و باوەڕمان ئەوەیە کە پێوەندیی دۆستانەو برایانەمان دەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی‌یەکان لە سەرتاسەری کوردستان دا هەبێ. بە بێ شك بە تەفاوەتی مەوقعییەتەوە فەرقێ دەکا، هەروەك لە جێگایەك دا گوتوومانە دوو حیزبی گەورە لە کوردستانی گەرمێن جێگای تایبەتیان هەیە. ئەوە هەر لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە لێرەین. ئەم دوو حیزبە رەنگە گلەییشمان لێیان هەبێ. پێمان وابێ ئیشکال لە کاریان دا هەیە، بەڵام بە کورتی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان شانازییان بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا خولقاندوە. ئەوەی ئێستا لە کوردستان‌و لە عێراق بە گشتی بە موشارەکەتی کورد دروست بووە سەری کوردی لە هەموو جێگایەکی بەرز کردۆتەوە، با هەزار گلەیی‌و هەزار رەخنەمان لێیان هەبێ کە رەخنەکانیشمان بۆ بەرەوپێش بردنێتی.

بە نیسبەتی کوردستانی ئێرانەوە باوەڕمان بە پێویستی لێك نزیك بوونەوەی هێزە کوردستانی‌یەکان هەیە، هەتا دەگاتە پێك هێنانی ئیئتلافێکی کوردستانی بە ناوی بەرە یان بە ناوی هەر شتێکی کە تەوافوقی لەسەر دەکەن‌و، بۆ ئەوە کار دەکەین.

لە چوارچێوەی ئێرانیێ‌دا دیسان باوەڕمان بەوە هەیە کە دەبێ هەموو ئێرانی‌یەکان، هێزە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێکەوە لە سەر موشتەرەکات کار بکەن بۆ نەجاتدانی ئێرانێ لەو وەزعەی کە تێیدا هەیە، بەڵام لەو نێوەدا ئێمە لە نێو هێزە سەرتاسەری‌یەکانی ئێرانی دا خۆمان لەو کەسانە بە نزیك دەزانین، لەو هێزانە، کە باوەڕیان بە دوو ئەسڵی زۆر بنەڕەتی دیموکراسی‌و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران هەیەو پاشانیش ئەو هێزانە، ئەو رێکخراوانە کە نوێنەرایەتی ەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن لە خۆمان بە نزیکتر دەزانین چونکە ئەوان هاودەری ئێمەن.

بەرامبەر بە وڵاتانی دراوسێ سیاسەتی ئێمە ئەوەیە، باوەڕمان بە ئەوە هەیە کە ئێمە دەبێ عاملی ئارامی‌و ئاسوودەیی لە مەنتیقەدا دا بین. پێوەندی دۆستانەمان دەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبێ. بەبێ دەست تێوەردان لە کاروباریان، بەبێ لەدەستدانی ئیستیقلالی خۆمان. هەر لەو کاتەدا پێمان وایە "چرورت"ی هەیە کە کورد لە هەر بەشێکی کوردستان، پشتیوانی لە بەشەکانی کوردستان دا بکاو ئەوەش بە هیچ جۆر بە مانای دەستێوەردان نازانین، چونکە ئێمە میللەتێکین، لە دیدگای ئێمەوە میللەتی کورد یەك میللەتە، کوردستان یەك وڵاتە، دابەش کراوە. کەوابێ حەقی "مسلم"و بێ ئەم لاو ئەوەی هەر بەشێکە پشتیوانی لە مافی بەشەکانی کوردستان بکا. بۆ ئێمە رەوایە لێرە پشتیوانی لە خەڵکی گواتیمالایە بکەین ئەگەر موشکیلێکیان هەبێ، بۆ رەوا نییە پشتیوانی لە هاوخوێنەکان‌و هاوپشتەکانمان بکەین لە بەشەکانی کوردستان دا؟

لە بارەی مەسائیلی نێونەتەوەیی‌یەوە هەر وەك لەو هێڵە گشتی‌یانەدا هاتوە، باوەڕمان بە هەموو ئەو پەیمانە نێونەتەوەیی‌یانە هەیە کە لە پێناوی ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ دا ئیمزا کراون. خۆمانیان پێ بە پابەند دەزانین‌و بە "صحیح"و بە پێویست دەزانین پێوەندیی دۆستانەو چالاکمان دەگەڵ هەموویان‌و لەوانەش بەرەوژوورتر دەگەڵ دەوڵەتانێکیش کە مودافعی ئازادی‌و دیموکراسین هەبێ‌و رۆژ بە رۆژ پتەوتری بکەین.

پێم خۆش بوو لە ئاخرەکەی‌دا بەوەندە کۆتایی پێبێنم کە وەکوو لە پێشەوە عەرزم کردن ئێمە بۆ دوژمنایەتی لایەنەکەی دیکە دروست نەبووین. پێمان خۆشە هەردووکمان بکەوینە ململانێیەکی مەشرووعەوە، لە سەر کاری چاك ململانێ بکەین. بزانین کێهەمان پێش دەکەوین. هەروەك لە بەیاننامەکەمان دا هاتوە زەمینەیەك بخولقێنین کە لە ئایەندەیەکی نیزیك دا بتوانین پێکەوە کار بکەین. لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانی‌دا، ئێمە هیچ مانعێکمان نی‌یە کە دەگەڵ ئەوان هاوکاری بکەین. هیچ موشکیلەیەکمان لەسەر ناویشیان نی‌یەو هیچ حەقێکی بە ئەوان نادەین کە ناو بۆ ئێمە دیاری بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان هی هەموومانە، ئێستا کە لەت بووین ئەو ناوە حەقی هەر دووك لایەنە کە ئیستفادەی لێ‌بکەن، بە تایبەتی ئەگەر تەماشای ریزەکانیشمان بکەن دەبینن ـ ئەوانەی کە شارەزان ـ ئەوانەی بە قەولی فارسان ئێسکیان لەو حیزبەی‌دا ورد بووە زۆربەی هەرە زۆریان لەو لایەن کە ئێمەی تێداین.

تەوفیق بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێرانیش‌و لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا ئارەزوو دەکەم. ئارەزووشم هەر ئەوەیە کە هەموومان هەوڵ بدەین کە فەزایەکی سالم پێك بێ بۆ ئەوەی بە هەموومان خزمەتی ئامانجەکانی میللەتی کورد بکەین.

سەرکەوتن بۆ ئێوەش نوێنەرانی فیکری نوێ‌و نوێنەرانی راگەیاندن ئارەزوو دەکەم‌و هەر بژین.

لە دیمانە وەرگیراوە

**هەڵبژاردەی پرسیارو وەڵامەکانی ئەم کۆنفرانسە رۆژنامەنووسی‌یە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکەینەوە.**

**بەرامبەر جمهووریی ئیسلامی، ئەم رێژیمە بە رێژیمێکی دژ بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی میللەتی کوردو هەموو گەلانی ئێران‌و هەموو خەڵکی ئێران دەناسین. بە رێژیمێکی تێرۆریست‌و تێرۆریست پەروەری دەناسین**



## برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تاڤگە

چیت بۆ بێژم؟
كە فەرهاد بای
دەستی تكام داوێنی نیزامی دەگرت
تا لە پەسنت شاكاری نوێ بخوڵقێنێ،
كەنگێ فەرهاد توانیویتی
بۆ ئازادی
واز لە عیشقی شیرن بێنێ؟
چیت بۆ بێژم ؟
خۆ تو عەبدولعەزیزەكەی داستنیان نی
تا بەیت بێژێكی بێناو
بە استانت
ئاسمانیش بێنێتە گریان
ئاخر كەنگێ عەبدولعەزیز
جگەرگۆشەی بێناز كردو
بۆ ئازادی
كەوتە مەیدان؟
كام بالۆرە توانای هەیە
داستنانەكەی هەڵورینی گەلای جوانییت بەیان
بكا؟
كام دێرە شێعری ئاگرین لەدەستی دێ
تینی دڵی كەیلی حەزی جوانەمەرگت
وەدەر بخا؟
كام هێزو توانای هەسست هەیە

ماسیی پەسنت
لە تاڤگەوە بۆ روباری خۆشەویستیی پڕ بە
باڵات
وەسەر بخا؟
تۆ هەر تۆی
وەك تۆ كێیە؟ من نازانم
لە هەڵمەت دا ئەوەی ترسە نەتناسیوە
لە ئاشتی دا
پێغەمبەری،
لە هیمەتو سەربەرزی دا لەگەڵ كێوان
كێبەركێتە
هەر لەو كاتە
لەنێو دڵی بچكۆلانەی منداڵێكی كوردستان
دا جێ دەگری.
تۆ كە بیرت تیری كەوانی ئارەشە،
خۆشەویستیت دەریایەكە لەبن نایە،
بەژن و باڵات
رازێنەری كێو و دەشت و شارو لادێ و باغو
مێرگە
هەر ئەوەندە لەدستم دێ كە ببێژم
سلاو لە تۆ ئەی پێشمەرگە

**كەركوك ١٣٧٨ - بێبەش**

كوردستان

## بەشێك لە شێعرێكی جگەر خوێن

بلندە بەژنو بالا تە ل سەر تاجا تە ئاسمانە
كتانەك رەنگ سپی دایە سەرێ رۆژانو سپیانە
ل ژوورێ كانیو جۆبار وەكوو هێستر دباران خوەش
ل ژێرێ تە دبێنم ئەز بهشتو باغو بستانە
كراسەك ئەتلەسێن كەسكە ب رەنگێ رۆژێ نەخشینە
ل بەژناتە دبێنم خوەش ب سورمە شالو میتانە
چ رەنگ شیرینە یارا من شەپالو نازكو شۆخە
فراتو دیجلەو خاپوور ب سەر بەژنێ دە بەردانە
ژ بیتا من گولا جۆری ژ خوینا من تو لێڤ سۆری
ئەڤینانە كرا شەیدا بریندارو پەرێشانم
ژوان لێڤێن شیرین ماچەك ژ دەردێ دل رە دەرمانە
بریندارم ب تۆپێن ئاورێن چاڤێن بەلەك ئێرۆ
ورە دلبەر كو دەستێن تە ژ ئێستا من رە لوقمانە
قەلەن خوێنا منە چ بكەم دڤێ كو ئەز بدم جارەك
مەگەر جانو جگەر دەینم دڤێ رێدە چ ئەرزانە
ئەزم كو تە ژدەستی دژمنان دەرخم ب میچرانی
ل سەر سینگا تە سەربەست بم بپارێزم تە مەردانە
مەگەر دوورو رەشە رێچك ل هاویر دژمنێن خوین رێژ
مەكە باوەر بترسم ئەز ژ سەهپاو ژ زیندانە
چەكامن زۆر و زانینە ب بیرو باوەرو داخواز
ب تووژ ئاور دنێرم ئەز - ل كەڤنە شارو ئەیوانە

( . . . . )

سیابەخت(سلێمان ئەحمەدزادە

هۆ بادەنۆش؟!
هۆ بادەنۆش؟!
بادەی گەرم
شەراوی خەست
لە پیاڵەی سپی بێخەوش
بە كام ئاوێكی پاك دەشۆن؟
مەگەر مەیتی سوورخەلاتی
شەهیدی ژین
لە هۆمایلێكی گەرد نەدیو
هیچ چاوەروانی شوشتنە
مەگەر تنۆكێ خوێنی گەش
لەسەر ئاڵای كەسك و سووری
سەمەزاری گۆڕ غەریبێ
موحتاجی چیرۆك بێژتنە؟!
هۆ بادەنۆش:
بێژە...!
بێژە...!
چاو و دڵ روون
بە ئەشكی چاو
بە خوێنی دڵ
كاتێ هەزاران قارەمان
بێ مەترسی
لەو شەراوە دە خواتەوە
كۆرە شەهیدێكیش دەبێ
بە ئاوی چاو
بە خوێنی سوور
پیاڵەی سپی باوە گەورەی
بشواتەوە...!

# سوار چاك

## ( بۆ ئەو سەرۆكانەی لە مێژوو ناترسن )

*رەسول سوڵتانی*

✍ هەزار لەعنەت لە بابی ئەوەی ئاوێنەی درووست كرد .تا دەگیشتە بەر ئاوێنە سێحراویەكە ئەو جنێوەی دەدا بەدەست خۆی نەبوو.ئەو لەم ئێوارەیەوە لە ئاوێنە بێزار بوو كە پێی دەڕكێفان ناو ئەسپەكەی دەگەڵ دەنگی چەپڵەی لایەنگرەكانی هەستایە سەر پاشوان.

ئەو رۆچە بۆ یەكەم جار ویستی لە بەژن و باڵای خۆی بڕوانێ.

كە گەیشتە بەر ئاوێنەكە نێو چاوانی تێكنا،ئاوێنەكانی دیكەی تاقی كردەوە هەر هەمویان روخسارێكی تاریكیان نیشان ئەدا،

...كوا ئەوە منم ؟سوارچاكترین سواری مەیدان ...........؟؟؟؟؟؟؟

............ئەو ئاوێنەیە درۆت دەگەڵ دەكا........


.....ئەو ئاوێنەیە نەیارانی تۆ سازیان كردوە....

ئەمە ئاوێنەی جادووگەرانە.......

فەرمانی دا تەواوی ئاوێنەكانی نێو كۆشكەكەی بشكێنن. لەم رۆوە نابێ هیچ كەس لە ماڵێدا ئاوێنەی هەبێ، من خۆم ئاوێنەی روخسارتان دەبم .

*بژیییییییییییییییییی*
*بژیییییییییییییییییی*

بە ئاوێنە سازەكانیش بڵێن ئاوێنەیەكی دانسقەم بۆ ساز كەن كە لە ئەنگوستە چاویشدا وەك پیاوێكی نوورانی خۆمی تیا ببینم.خەڵكەكە بە دەم چەپڵەوە ئاوێنەیان لە شاردا نەهێشت جیا لەو ئاوێنەكەورەیەی بەر لە سازكردنی كۆشكەكە لەوێ بووە،هەتا ئەم رۆژە هەر بە چاوێكی پیرۆزەوە لێیان روانیبوو.ئەمیش نەیوێرا راشكاوانە فەرمانی شكاندن و لە ناوبردنی بدا.تاقمێكی فێركردن شەوانە بەردی تێگرن.بەلام هیچ بەردێك نەیدەشكاند.ئەم ئاوێنەیە



تاریكترین روخساری لە سلێمان نیشان دەدا.

دوو سێ جاران لەم ئاوێنەیەدا جەستەی لە خوێندا شەلاڵی خۆی بینیبوو،ئەوە ئەوەندەی دیكە شێتی كردبوو.بڕیاری دا لەم ئاوێنەیەدا لە خۆی نەڕوانێ.بەلام هەرچی دەیكرد نەیدەتوانی .جاری وابوو كاولاش و وێنەیەكی خاپووری كۆشكەكەی خۆی تیا دەبینی .

بەو پەڕی بێزاریەوە: هەزار لەعنەت لە بابی ئەوەی ئاوێ ............ز

ئەم ئێوارەیەش پێی دە ركێفان نا،ئەسپەكەی وەك جاران دەگەڵ چەپڵەی جەماوەر هەستایە سەر پاشوان،دیسان دەنگێكی سامناك ،"دەنگێك كە ئەوی تۆقاندبوو،دەنگێك كە هەر خۆی دەیزانی لەم ئاوێنەیەوە دێن"::نەكەی،كوڕە سلێمان مەردی خولای بە ئەم ئەسپە خۆشبەزە هەڵتدەگرێ ..نەكەی س لێ م ا............

دەنگەكە هەموو جارێ مۆسیقای چەپڵەی جەماوەرەكەی لێ دەشێواند.چەپڵەی لێدەكردە شیوەن .........

بیشكێنن ئەم ئاوێنە نەگریسە ..ب ی ش ك ێ .....

هاتە بیری كە لە گۆشەی لای سەرووی كۆشكەكەی بەردێكی چوار گۆشەی لێیە و وەك دەڵێن دەگەڵ ئەم ئاوێنەیە هاوتەمەنن.فەرمانی دا هێنایان.

بەردێكی رەشی چوار گۆشە كە هیچ كات لە باوكی نەپرسیبوو بۆ چی دەبێ.دەنگی چەپڵە گەیشتە ئاسمان ....

پێیدادە سەرۆك خێراكە .........

ماتڵ مەبە پێیدادە ..........

ئاوێنە چرژی بەست.

سوارێك بوو بە هەزار سوار.ئەمجارە موسیقاكەی زوڵاڵتر هاتە گوێ.موسیقای چەپڵە ئەسپەكەی سلێمانی سەرخۆشتر كرد.

هەستایە سەر پاشوان و سواری رفاندرێگای كردە داوە دەزوویەك،خەڵكەكە لە تەپو تۆزدا ون بوون،بەیانییەك جەستەی هەپەروون هەپەرونی سوارێك و ئەسپەكەی لە خوار رەوەزی شاخێك دۆزرایەوە.كەس روخساری نەدەناسیەوە.

كتوپڕ جەماوەرەكە بیریان كەوتوە كە لەو كاتەوە بە فەرمانی سلێمان ئاوێنەكانیان شكاندووە كەس لە روخساری خۆی نەروانیوە.

كەس شێوەی خۆی لە یاد نەمابوو.ترس و سامێكی قورس بەسەریان دا زاڵ بوو.هەر كەسەی بەدزییەوە بە شوێن لەتە ئاوێنەیەك دا دەگەڕان.

ناچار گەڕانەوە بەر ئاوێنە چرچاوەكە.

كە لە خۆیانیان روانی هەر كام سەدان روخساریان هەبوو.

١٣٨٥/٨/٢٠

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

ن: حسین یەعقووبی
و: سمایل زارعی

## گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیی جیهانی

**بەشی دوازدوهەم**

**١ـ جۆرەکانی وەرگێڕان لە روانگەی یاکوبسینەوە**

یاکوبسین بە روانگەیەکی جیاوازەوە لە پرسی وەرگێڕان دەڕوانێ و ئەو دابەشبوونەی خوارەوەی لەم بوارەدا خستۆتە ڕوو:

**وەرگێڕانی دەروون زمانی*

تێگەیشتن و راڤە لە زمانێك دا و دەربڕینی ئەو بە واتا و وشەگەلێکی دیکە لە هەمان زماندا. ئەم وەرگێڕانە لە راستیدا جۆرێك گۆڕانکارییە.

**وەرگێڕانی نێوان زمانی*

هەمان جۆری باو و ناسراوی وەرگێڕانە کە بریتییە لە دەربڕینی پەیامی گوتراو لە زمانێکدا بە هێما و ئاماژەگەلی زمانی زمانێکی دیکە.

**وەرگێڕانی ئینتێرسیمیاتیك یان گۆڕان و گۆڕینی هێما رەمزییەکان*

بریتییە لە نیزامی هێما رەمزییە بنەڕەتییەکان و خستنە رووی بە هۆی نیزامێکی دیکەوە وەك گۆڕانی رۆمانێك بە فیلمنامە یا وەرگێڕانێکی زمانێکی هێمایی بۆ کەڕ و لاڵ بە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی.

**٢ـ جۆرەکانی وەرگێڕان لە روانگەی نیۆمارکەوە**

یەکێك لەو تیۆرییە پڕ لایەنگرانەی پێوەندیدار بە دابەشبوونی جۆرەکانی وەرگێڕان هی نیۆمارکە(سلح جو، ١٣٧٦: ٥٢ – ٥٠). نیۆمارك بە سەرنجدان بەوە کە وەرگێڕان دەبێ مەبەستی چ شتێك بێ – وەفاداربوون بە شێوازی نووسەری سەرەکی و یان پێکهێنانی پێوەندی خوێنەر لە گەڵ دەق – قسە لە سەر وەرگێڕانی واتایی دەکا. بە کورتی تیۆری نیۆمارك سەبارەت بە بەراوردکردنی دوو مێتۆدی وەرگێڕانی واتایی و (وەرگێڕانی) پێوەندی لە خشتە(نیشاندەر)ی ٣– ٢ دا هاتووە.

**نیشاندەری ٣– ٢ بەراوردکردنی دوو شێوەی وەرگێڕان لە روانگەی نیۆمارکەوە**

| وەرگێڕانەکانی پێوەندی | وەرگێڕانی واتایی |
|---|---|
| زۆرتر سەرنج بە وەرگری پەیام دەدا تا پەیامنێرەکەی. | نایهەوێ لە دنیای پەیامنێر دوور بکەوێتەوە. |
| هۆگری بۆ خستنە ناوی پێکهاتەگەلی وێنەیی و واتایی ناهۆگر لە زمانی سەرەتادا بۆ زمانی مەبەست نیشان دەدا. | تێدەکۆشێ ئەوەندەی دەتوانێ ستراکتۆری وێنەیی و واتایی زمانی سەرەتا بخاتە ناو زمانی مەبەستەوە. |
| خوێنەر بە گرینگتر لە نووسەر دەزانێ. | ئەولەوییەت بە شێوازی نووسەرە. |
| وەرگێڕانێکی روونترە. | وەرگێڕانێکی وردتر و درووسترە. |

**شێوەکانی تاقیکاری چییەتی وەرگێڕان**

**ئا- وەرگێڕانی بەپێچەوانە**

لەم شێوەیەدا کەسێك لە زمانی "ئا" بۆ زمانی "ب" وەرگێڕان دەکا و کەسێکی دیکە دووبارە دەقەکە لە زمانی "ب"وە بۆ زمانی "ئا" وەردەگێڕێ. ئەم دەقە لە گەڵ دەقی بنەڕەتی هەڵدەسەنگێندرێ و ئەگەر دوو دەقەکە کەم و زۆر یەکسان و هاوشێوە بن شایەتێکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە وەرگێڕانی یەکەم خاوەنی چییەتییەکی زۆر بەرز بووە (هەرچەندە هۆیەکی هێندەش قاییم نیە چونکە وێدەچێ وەرگێڕی دووهەم لە کاتی پرۆسەی پێچەوانەسازیدا گەلێك چاکسازی و راستکردنەوەی ئەنجام دابێ.)

**ب ـ تاقیکاری(تێست)ی زانیاری**

سەبارەت بە نێوەڕۆك و واتای وەرگێڕان لە وتەبێژانی زمانی "ب" (زمانی مەبەست) هێندێك پرسیار دەکرێ. وڵامەکانیان لە گەڵ وڵامی قسەکەرانی زمانی "ئا"(زمانی سەرەتا) سەبارەت بە هەمان دەق هەڵدەسەنگێندرێ" ئەگەر ئەنجامەکە گونجاو بوو، بە وەرگێڕانێکی قەبووڵکراو (سەرکەوتوو) دادەنرێ.

**ج ـ تاقیکاری کارلێك (تست کنش)**

ئەم شێوازە بۆ دەقگەلێك کە کاریان پێ دەکرێ و بە کار دەبردرێن کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. داوا لە ئاخاوتنکەرانی زمانی "ب" دەکرێ بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای دەقی وەرگێڕدراو هێندێك کار ئەنجام بدەن (بۆ وێنە داوا لە کڕیاری کامپیۆتێرێك دەکرێ لە سەر بنەمای وەرگێڕان بڕۆشۆری ئەو کامپیۆتێرە وەرێ بخات). هەروەها داوا لە ئاخاوتنکەرەکانی زمانی "ئا" دەکرێ کە لە سەر بنەمای دەقی سەرەکی هێندێك کار ئەنجام بدەن ئەگەر دەرئەنجامی کارلێکی هەر دوو گرووپەکە یەکسان بوو هۆکارێکە بۆ چییەتی بانتر لە وەرگێڕان.

**خێرایی وەرگێڕان**

*وەرگێڕێکی شارەزا بە چ خێراییەکەوە دەتوانێ وەرگێڕان بکا؟*

تەنیا وڵامێکی رازیکەر کە دەکرێ بەم پرسیارە ساکار و نەگونجاوەی بدەینەوە ئەوەیە: پێوەندی «بە جۆری دەق» ەوەیە. هۆکارگەلێکی وەك ئەزموونی وەرگێڕەکان، ئاشناییان لە گەڵ بابەتی دەق و جۆری دەق پرسگەلی دیاریکەر و کاریگەرداران. ئەم پرسەش بۆ کەسێك کە وەرگێڕان بۆ کەسێکی دیکە دەنووسێتەوە یا خود خۆی تایپی دەکاش گرینگ و کاریگەردارە. ئەستەمی دەقیش هۆکارێکی دیاریکەرە. وێدەچێ وەرگێڕێك بتوانێ لە کاتژمێرێکدا هەزار وشە لە دەقێکی ئاسایی وەرگێڕێ بەڵام لە دەقێکی تێکنیکیدا تەنیا بتوانێ ٤٠٠ وشە لە کاتژمێرێکدا وەرگێڕێ. هۆکارێکی باندۆرداری دیکە پێوەندی خزمایەتی نێوان زمانی سەرەتا و مەبەستە. زمانگەلێك کە گەلێك نموونە و سەمبوولی ستراکتۆری هاوشێوەیان هەیە و سەر بە کۆمەڵگایەکن بە کولتووری نزیك لە یەکترەوەن وەرگێڕانیان بۆ سەر یەکتری بۆ وەرگێڕێك زۆر ساناترە لە وەرگێڕانی زمانە جۆراوجۆرەکانی سەر بە کولتوورگەلێکی بێ خزمایەتی. رەوتی وەرگێڕانیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر خێرایی ئەو بەرهەمەدا هەبێ" هێندێك لە وەرگێڕەکان بۆ وێنە لە وەرگێڕانی دەقی زمانی "ئا" بۆ سەر زمانی "ب" خێراییەکی دوو هێندەی وەرگێڕانی زمانی "ب" بۆ زمانی "ئا" یان هەیە. وا مەزەندە کراوە کە وەرگێڕێکی شارەزای دەقە نووسراوەکان، دەتوانێ لە نێوان دوو تا هەشت هەزار وشە لە رۆژێکدا وەرگێڕێ. سەبارەت بە وەرگێڕانە زارەکییەکانیش گەلێك لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوە کراوە کە دۆخی بیستنی نەگونجاو تا چ رادەیەك کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی خێرایی وەرگێڕان هەیە و یان خێرایی گوتنی زمانی سەرەتا چەندە لە وردبینی و درووستی وەرگێڕاندا کاریگەردارە. وادیارە خێرایی ١٠٠ تا ١٢٠ وشە لە یەك خولەکدا خێراییەکی لەبارە بۆ وەرگێڕانی هاوکات. زیادبوونی خێرایی ئاخاوتن تەنانەت بە رادەیەکی زۆر کەمیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر وەرگێڕان دانێ. لە خوێندنەوەیەکی لێکۆڵینەوەیی، کاتێك کە خێرایی قسەکردنی بێژەری زمانی سەرەتا لە ١٤٠ وشەوە بۆ ١٦٠ وشە لە یەك خولەکدا زیادی کرد رێژەی هەڵەکان و نەهێشتنی وشەکان لە لایەن وەرگێڕی هاوکاتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

**وەرگێڕانی ئامرازی(ماشێنی)، ئاسۆی روون لە جیهانی وەرگێڕان دا**

ئایدیای کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەیەك بۆ کاری وەرگێڕان لە دەیەی سییەوە سەرنجی پێدرا، بەڵام تا ساڵەکانی بەر لە شەڕی جیهانی دووهەم باکگراوند و زەمینەسازی بۆ پراکتیزە کردنی ئەم ئایدیایە دابین نەکرا. لە راستی دا دوای سەرکەوتنی تەواوی دەزگا رەمزشکێنەکانی ئەڕەتەشی یەکگرتووی ناسراو بە "ئینگما" و داهێنان و خستنەڕووی کامپیۆتێرگەلێکی ئەلێکتریکی بوو کە ئایدیای دەزگا (ماشین)ی وەرگێڕان، ئیدی نەك وەك ئایدیایەکی دەسەڵاتخوازانە و ئامانێکی فانتازییایی، بەڵکو وەك راستی و کەتوارێکی شیاوی لێکۆڵینەوە سەرنجی پێ درا. ڤارێن ڤێیەر ئالا هەڵگری ئایدیای دەزگای وەرگێڕان لە ساڵی ١٩٤٧دا رایگەیاند: "بە بڕوای من دەبێ گرفتی وەرگێڕان بە شێوەیەکی رەمز و راز شکێنی چارەسەر بکرێ، کاتێك لە دەقێکی رووسی دەڕوانم بە خۆم دەڵێم ئەم دەقە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە کە من بۆ خوێندنەوەی دەبێ رەمزشکێنی ئەم هێماگەلە بکەم." (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٥٢).

قسەکان و بۆچوونەکانی ڤێیەر لە گەڵ پێشوازی کۆمەڵگای زانستی جیهانی رووبەڕوو بۆوە و لە دەیەی پەنجادا چەندین کۆمەڵی لێکۆڵینەوەیی و تۆژینەوەیی تەواوی تێکۆشانی خۆیان لە سەر MT(وەرگێڕانی ئامرازی(ماشێنی)) کۆکردەوە. لە ١٩٥٢دا یەکەمین کۆنفرانسی وەرگێڕانی ئامرازی بەڕێوەچوو و لە ١٩٥٤دا تاقیکاری وەرگێڕانی ئامرازی زانکۆی جۆرج تاون بە سەرکەوتنێکی رێژەییەوە ئەنجام درا. ئەم ئامرازی وەرگێڕانە دەیتوانی بە کەمترین هەڵەوە دەقەکانی فیزیا لە زمانی رووسی بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدات. بەداخەوە دەرئەنجامەکانی دواتر هێندە دڵخۆشکەر نەبوون و تەنانەت دەکرێ بڵێین زۆریش ناهۆمێدکەر بوون. ئەو سیستمانەی خرانە روو توانایی و لێهاتوویی کردەوەگەلێکی زۆر بەرتەسکیان هەبوو و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەوان کاڵ و کرچ و پڕ لە هەڵە و پێویستی بە دووبارنووسینیەوە و راستکردنەوە بوو (بۆ وێنە کاتێك رستەیەکیان لە ئینجیل " The spirit is willing, but the flesh is weak" بە واتای رۆحی هۆگر بەڵام جەستەی لاواز، بە کامپیۆتێرەکە دا بۆ ئەوەی بە زمانی رووسی وەرگێڕێ بەرهەمی وەرگێڕانەکە لە تاقیکاری وەرگێڕانی پێچەوانەکەی بەو شێوەیە بوو The wine is agreeable but the meat has spoiled واتە (شەرابێکی باش و دڵپەسندە بەڵام گۆشتەکە گەنیوە!) سەرەڕای ئەوەش خەرجی وەرگێڕانیان زۆر لە وەرگێڕانی هەمان دەق لە لایەن مرۆڤەوە زیاتر بوو.


# دیمانە لەگەڵ ئەمین گەردیگلانی

## من لایەنگری پەیام‌و وێنەم لە شێعرداو

## دەقی بێ پەیام‌و وێنە بە کۆمەڵێ وشەی مردوو دەزانم



*ئامادەکردنی:*
*جەماڵ نەجاڕی*



ئەمین گەردیگلانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە ئاوایی گەردیگلان سەر بە شاری بۆکان لە دایك بووە. تا ئێستا ٣ بەرهەمی "تاپۆی وەرزێکی سەوز" (شێعر ـ ١٣٧٦ی هەتاوی)و "شەوەژانی ئەستێرەیەك" ( شێعر ـ ١٣٨٠ی هەتاوی)و "مەرگەخەون" ١٣٨٤) بڵاوکردۆتەوە. بێجگە لە شێعر کاری چیرۆك، وەرگێڕان‌و کۆکردنەوەی وشەی کوردی "قامووس" دەکا. هەروەها چالاکی بەردەوامی لە گۆڤارەکانی سروە، رامان، ئاینده، سیروان‌و سەردەم‌و مەهاباد هەبوو.

**تکایە بفەرموون شێعری ئەمڕۆ چ شێعرێکەو ئێوە شێعری ئەمڕۆ چۆن هەڵدەسەنگێنن.**

شێعر زمانی سەردەمی خۆیەتی، هاواری زەوی‌و دارو گیاو بەردو شاخ‌و مرۆڤو تەواوی بێگیان‌و گیانلەبەرانە لە دەست جەبری زەمان.

شێعری ئەمڕۆ ئەو شێعرە زەلیل‌و قوربەسەرو کەلەلایە نییە بکرووزێتەوەو فرمێسك هەڵوەرێنێ‌و سوجدەو کڕنۆش بۆ چاوو برۆو خەت‌و خاڵان بەرێ‌و بڵێندگۆیەك بێ بۆ دەربڕینی زەلالەت‌و بێ دەسەڵاتی‌و لە گیانەڵڵادا بوونی شاعیرەکەی بۆ ئەوەی بەزەییان پێیدا بێ‌و لایەکی لێ‌بکەنەوەو ئاهێکی بۆ هەڵکێشن‌و لەگەڵی بگرین. شێعری ئەمڕۆ برووسکەیە، ئاوێنەی راستییەکانی ژیانە، دەنگدانەو زایەڵەی رووخان‌و شکانی مرۆڤی سەردەمە، سەمای ئاواتەکانیانە، سەمای برین‌و خوێن‌و ئارەق‌و شادی‌و خەمەکانیانە. سەمای کاتە، رەشبەڵەکی وشە گەلێکی زیندووە، شێعری ئەمڕۆ دەستەملانی هەموو وشەیەك دەبێ‌و سنوورو زمان دانانێ، جوان‌و وشەی ناحەز لە شێعری ئەمڕۆدا وەکوو یەك وان‌و هەموو وشەیەك دەتوانێ ریسالەتی خۆی لە دنیای ماناکانی خۆیدا ئاوێنەی رۆحی شێعر بکاو هەست بە بوونی خۆی بکا.

من لایەنگری پەیام‌و وێنەم لە شێعرداو دەقی بێ‌پەیام بە کۆمەڵێ وشەی مردوو دەزانم. هەرگیز ئەو شیعارە پووچەڵەی (مانا لە بێ‌مانایی دایە) بە لامەوە پەسند نیەو پێشم وایە بێژەری ئەو کۆمەڵەواژانەش غەیری خۆفریودان‌و کاغەزو قەڵەم خەسار کردن‌و سیمای شێعر رووشاندن‌و خۆ بە شێعردا هەڵواسین هیچ ئەرکێکی دیکەیان نیە.

**بە ڕای ئێوە شێعری ئەمڕۆی کورد لە چ ئاستێك دایە؟**

من چونکە بەداخەوە تەنیا زمانی فارسی دەزانم‌و تێیدەگەم شێعری فارسی‌و ئەو شێعرانەی دەکرێتە فارسی‌و کوردی دەخوێنمەوەو بەو پێوانەیە شێعری کوردی لە پلەیەکی بەرزدا دەبینم‌و پێم وایە لە چاو ساوابوونی هەنگاوی زۆر گەورەی هەڵێناوەتەوە. ئەگەر هەل‌و دەرفەتی بڵاوبوونەتەوەو وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی دیکەی دنیاشی بۆ بڕەخسابایە، دەماندی شێعرمان لە ئاستی ئەدەبیاتی جیهانی دایەو بەو تەمەنە کەمەیەوە شان بە شانی شێعری ئەمڕۆی فارس دەداو سەرێکە لە نێو سەراندا.

**شێعر دەبێ چ قۆناغ گەلێك تێپەڕ کات، بۆوەی شێعرێکی ئەمڕۆیی بێ؟**

شێعر دەبێ لێدانی نەبزی ئەمڕۆ بێ. جا بە بڕوای من قالب گرینگ نیەو قالب دەقێك لە ناشێعر بوونەوە ناکاتە شێعرو بە پێچەوانەش. ئەوە رۆحی لە خەیاڵدا کوڵاوی شاعیرە دەقێك دەخولقێنێ‌و خولیایە کە کە لە نەستی شاعیردا مەییوەو لە پڕدا کفارە دەکا. شاعیری ئەمڕۆیی بە لە نووسینی شێعرەکەی قەت بیر لەوە ناکاتەوە چی دەنووسێ. شێعری چاك ئەو شێعرەیە کە دەستی شاعیرەکەی دەگرێ‌و بە دوای خۆیدا رایدەکێشێ. تێپەڕکردنی قۆناغی شێعری بە لای منەوە مانای نیە. چونکە شێعرێك شێعر بێ‌و لە قوڵپی هەناوی سەردەمەوە هەڵقوڵێبێ‌و ریسالەتی شێعرانەی خۆی لە سەر شان بێ لە هەر قالبێکدا بێ هەر شێعرە. شێعری ئەمڕۆ ئیجازە. دنیای ئەمڕۆ دنیای قسەو قسەڵۆك‌و شێرو رێوی هێنانەوە نیە. شێعری ئەمڕۆ بە کەمترین وشە دەبێ ئەرك‌و پەیامی خۆی راگەیەنێ. شێعری ئەمڕۆ پارووی مانا بە دەمی کەسەوە ناکا. شێعری ئەمڕۆ تەواوی پرسیارو ئاماژەیە. دەرمانی هیچ دەردێك لە شێعری ئەمڕۆدا نادۆزرێتەوەو وەڵامی هیچ پرسیارێکیش. شێعری ئەمڕۆ ئاوێنەبەدانە، ئاوێنەیەکی فرە رەهەند. ئاوێنەیەك کە جوابی وەك خۆی‌و ناحەزی وەك خۆی، زوڵم وەك خۆی‌و ناحەزی وەك خۆی، زوڵم وەك خۆی‌و عەداڵەت وەك خۆی نیشان دەدا. مرۆڤو خەمەکانی مرۆڤ و خولیاو ئاواتەکانەو ..... وەك خۆیان نیشان دەدا. کەوابوو تێپەڕکردنی قۆناغ‌و گۆڕانی قالب‌و رووکار، شێعری ئەمڕۆیی بەدی ناهێنێ. هەر شێعرێ شێعری زەمان بوو زیندووەو شێعری ئەمڕۆیە.

# ئەوانەی لە پێش مەرگەوە رائەبورێن ؟

سمایل شەڕەفی

لە نێو هەر نەتەوەیەکی چەوساوەو ژێر دەستەدا مرۆڤ گەلێك هەن کە وێرای وەلانانی هەر بەرژەوەندییەکی تایبەتیو کەسێنی لە پێناو پاراستنی نەتەوەو نیشتمانەکەیان نازناوی گیانفیدایان وەرگرتوە. گیانفیدایەك کە ئامادەیە لە پێناو ئەم ئامانجەدا (پارێزگاری لە بوونو شوناسی نەتەوەو نیشتمانەکەیدا) گەورەترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی ببەخشێ.

ئەم مرۆڤە گیانفیدایانە لە درێژایی مێژووی خەباتو بەرخودانی نەتەوەییمان دا هەبوونو بە هەزاران چیرۆکی پڕ لە حەماسەیان تۆمارکردوەو دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو مرۆڤانە نەبوایەن ئێستا نەتەوەو نیشتمانێك بە ناوی کوردو کوردستان لە سەر گۆی زەوی بوونیان نەدەبوو.

گیانفیدایانی کورد، ئەوانەی لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی نەتەوەکەمان دا سەلماندوویانە کە دەتوانن لە پێش مەرگەوە رابوورنو ژیانو بەختەوەری بۆ کوردو کوردستان چێ بکەن، لە کۆماری پڕ لە شانازیی کوردستان بە رێبەری پێشەوا قازی محەمەد دا ناسناوی پێشمەرگەیان پێ بەخشرا و جوانترینو پڕ ماناترین وشەی کوردییان پێ بەخشرا.

پێشمەرگە، ئەو رۆڵە گیان لە سەر دەستەی کورد، هاوکات لەگەڵ ئەم ناوە پیرۆزەو بە سەرنجدان بە رێکخراو بوونی مۆدێرنی بزوتنەوەکەو بوونی دەوڵەتێکی وەك کۆماری کوردستان بە جۆرێکی دیکەو پێناسەیەکی دیکەوە بوونی خۆی لە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی نەتەوەکەمان دا سەلماند.

دیارە لە وتارێکی ئەوتۆدا ناتوانرێ باس لە هەموو لایەنەکانی رۆڵو کاریگەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێ، ئەوە با بمێنێتەوە بۆ چاوی کامێرا وردبینەکانی سینەماکارانی ئەمرۆو سبەی کوردو مێژوونانوسان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هونەری و پسپۆرانەو شیاو بخرێتە بەرچاو زەینی بەرەی ئێستاو داهاتوو.

کەوابوو لێرەدا نامانەوێ تەنیا باس لە لایەنی گیانفیدایی پێشمەرگە بکەین، بەڵکوو تا ئەو جێگەی لە توانامان دا بێ دەمان هەوێ رۆچینە نێو دەروونو جیهانبینیی ئەو مرۆڤە کوردانەو لایەنەکانی دیکەی کاریگەربوونیان لە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان دا تاوتوێ بکەین.



<u>پێشمەرگە رۆڵەیەکی بەرخودانکاری شۆڕشگێر</u>

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە کوردە شۆڕشگێرەیە کە وێڕای خۆراگری لە بەرانبەر دوژمنانی نەتەوەو نیشتمانەکەی دا، ساغ بۆتەوە کە گۆڕان دروست بکات. بەم پێیە پێشمەرگە تەنیا مرۆڤێکی خۆراگر نیە، بەڵکوو گۆرانخواز بوونیش دەروەستی کردوە کە دژ بەو واقیعە(راستیە) تاڵەی هەیە بوەستێو هەوڵ بدا گۆڕانی تێدا پێك بێنێ.

گۆڕانخوازیو شۆڕشگێر بوونی پێشمەرگەی کوردستان وەك هێزێکی دەست بەچەکی نەتەوەی کورد، ئەم مرۆڤە کوردەی دەروەست بە رەد کردنەوەی نەریتە کۆنو چەقبەستووەکانی ناخی کۆمەڵگای کوردەواری کردوە و هاوکات لە گەڵ خەبات لە بزوتنەوەی سیاسی - نەتەوەییدا هەوڵ دەدا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیو دژایەتی لەگەڵ پێکهاتەی نەریتە کۆنو نەرێنیەکانیش دا دەوری بەرهەڵستکارانەی هەبێ.

کەواتە پێشمەرگە ئەو مرۆڤە چەکبەدەستە نیە کە تەنیا بە هێمای شاخو خۆراگریو بەرگری دەناسرێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا کە چەکبەدەستەو چیایی دەژی، شۆڕشگێریشە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی جیهانبینیەکی گۆڕانخوازەو چەکەکەی دەستی، چەکی بیروباوەڕو ئەندێشەیەو دەزانێ بە چ ئامانجو مەبەستێك دەستی داوەتێ.

جیاوازیی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ لەگەڵ هەموو شۆڕشگێڕێکی دیکە رەمزێکی ژیارییە کە خۆی لە (( پێشمەرگە )) بوون دا پێناسە دەکا. هەموو شۆڕشگێڕێکی واقعی مەیلی بەلای گۆڕان دا هەیەو هەوڵ دەدات واقیعەکانی دەوروبەری خۆی بگۆڕێو پێکهاتە شکێنی بکات. بەڵام تێچووی گۆڕانکاری لە لای هەر کام لەم شۆڕشگێرانە جیاوازیی هەیە. کەم مرۆڤی شۆڕشگێرو گۆرانخواز ئامادەن لە پێناو هزرو بۆچوونو ئامانجەکانیان دا گیانفیدایی بکەن و لە نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسیو گشتییەکان دا قورسایی بە بەرژەوەندی گشتی بدەن. بەڵام پێشمەرگە هەروەك پێشتریش باسمان کرد لە بەردەم مەرگەوە رادەبووریو پارێزگاری لە بەرژەوەندیی گشتی خاكو نەتەوەکەی دەکاتو ئامادەیە بۆ بستێك خاکی نەتەوەکەی گیانفیدایی بکات. کەوابوو هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە گۆرانخوازە لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی شۆڕشگێریشە.

<u>رۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دا</u>

ئەگەر تاوتوێیەکی پرۆسە سیاسییەکانی نێو حیزبە کوردی یەکان، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیستمی هەڵبژاردنو بڕیاردان و چۆنیەتیی دیاری کردنی بەرنامەو بڕیارە سیاسییەکانی رێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان بکەین ئەو راستییەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ کە:

پێشمەرگەی کوردستان ناکرێ تەنیا وەك هێزێکی چەك بەدەست پێناسە بکرێ. ئەو بە پێی سیستمی هەڵبژاردنو بڕیاڕدانی حیزبەکان - دەتوانێ راستەخۆو ناراستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دابنێو سەرکردایەتی دەروەست بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی بکات. کەوابوو پێشمەرگەی کوردستان جیا لە دەست بە چەك بوون، مرۆڤێکی سیاسیو بڕیاردەریشە.

ئەم جۆرە تواناییانەی پێشمەرگەی کوردستان جاری وایە دەیخاتە ئاستی بڕیار بەدەستیشەوەو ئەم سیستەمی کە خۆی هەوڵی گونجاندنی داوە رێی پێ دەدا تا ئاستەکانی سەرەوەی سەرکردایەتیش بچێتو ببێتە پێشمەرگەیەکی رێبەر.

چەکبەدەست بوون، شۆڕشگێر بوونو گۆڕانخواز بوونو دەوری رێبەرانەی پێشمەرگە ئەو تایبەتمەندییە بەرزو بەرچاوانەی پێشمەرگەی کوردستان کە هەم دەروەستی قورسیان بۆ ئەو دروست کردوەو هەمیش ئەویان خستۆتە بەردەم چاوەڕوانی گەورە. بۆیەشە کۆمەڵانی خەڵك بە چاوی هیواو چاوەروانییەوە دەروانێتە پێشمەرگە.

**هەموو شۆڕشگێڕێکی واقعی مەیلی بەلای گۆڕان دا هەیەو هەوڵ دەدات واقیعەکانی دەوروبەری خۆی بگۆڕێو پێکهاتە شکێنی بکات. بەڵام تێچووی گۆڕانکاری لە لای هەر کام لەم شۆڕشگێرانە جیاوازیی هەیە**

# ریفۆرم بە چ مەبەستێك ؟

سامان فەقێ نەبی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
مەنوچێهر ئاتەش پووش

چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەری دەخا کە ئەم حیزبە جگە لەوەیکە حیزبێکی پێشرەو بووە، بەردەوام لە کاتی دامەزراندنیەوە، تا هەنووکە و لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان بە تایبەت لە بواری سیاسی و خەباتگێڕی دا چاوگەی کاریگەری بەرچاو بووە. بەڵام بە هۆی گرفتی هاوشێوە لەگەڵ حیزبە کوردییەکان داو مەسەلەی بزووتنی نەوەکان (تحرك نسلها)و شوێنەوارەکانی ئەو، کەش و هەوایەکی نەگونجاوی لە نێو خۆی حیزب دا، بە سەر سەرجەم چالاکییەکان دا سەپاندوەو قەیرانگەلێکی چاوەڕوانکراوی لەبەردەم خولقاندوە .

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، تووشی هەورازو نشێوی زۆر هاتووەو نرخێکی ئێجگار قورسی بۆ داوەو هەنووکە دوابەدوای قۆناغی داکشانی چەند ساڵی دوایی‌و بە توێژینەوەیەکی ئەمرۆیی لە هەڵوێستەکانی ڕابردووی خۆیدا، دەڕوا تا وەکوو ڕابردوو بەڵام لە چوارچێوەیەکی نوێ لە سەر بنەمای رێوشوێنی سیاسیی ئەمرۆییو تیۆرییەکارتێکەرەکان دا بێتە نێو مەیدانی ئاڵوگۆرە ناوچەییەکانو بە قەرەبوو کردنەوەی لاوازییە تیۆریکەکان، لە قۆناغی سەرەتایی و بە پراگماتیزمێکی ئاوەزمەندانە لە قۆناغەکانی داهاتوو پێشەنگایەتیی شەپۆلی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران بگرێتە ئەستۆو لە رێچکەیەکی هاورێك دەگەڵ ویستی نەتەوەیی کوردو پێداویستیە هەنووکەییەکان دا کانالیزەی بکا.

ئەگەر لە بواری خشتەی تەمەنەوە پێکهاتەی حیزبە کوردییەکان سەیر بکەین، دەردەکەوێ کە لە مەیدانی سیاسیی کوردستان دا، نەوەیەك هاتۆتە مەیدان کە وشیارەو گیانێکی پرسیارکەرانەی هەیەو بە توندی بە شوێن وەڵامە مێژووییەکانی خۆی دا دەگەڕێ. نەوەیەك کە تایبەتمەندییە بەرچاوەکەی دڵنیایی سەرچاوەی گرتوو لە زانستی عەقڵانییەو بۆ دەستپێراگەیشتن بە داهاتوویەکی گەش، پێویستی بە وڵامگەلێکی لۆژێکی هەیە. پێوەرەکانی وەك زانستگەرایی، ئایدیالگەرایی، ئازادیخوازیو رەت کردنەوەی پێکهاتەی سەرەڕۆیانە لە لایەك و بەهرەمەند بوون لە هێزی مەزنی لاوێتی لە لایەکی دیکە، بۆتە هۆی ئەوەیکە نەوەی ئێستا لە مەیدانی خەباتی ئەمرۆکەدا دەوری سەرەکی بگێرێو لێهاتوویی خۆی لە هەموو بوارەکان دا دەربخا. بەرەی نوێ بەدوای بەهێزکردنی دێموکراسیو دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات بە مەبەستی دانی بڕیاری بە کۆمەڵو هەروەها بەشداریی چالاکانە لە پێناو هاتنە ئارای دادوەریی کۆیی دا دەگەڕێ. ئێستاش کە بە شێوەیەکی زێدەروو، توانای خۆی خستۆتە بەردەست حیزبە کوردییەکان، بە تایبەت حیزبی دێموکرات، لە هێچ هەوڵو تێکۆشانێك بە مەبەستی پێکهێنانی ریفۆرمو نوێبوونەوەو نۆژەنکردنەوە خۆی نابوێرێ. بە دڵنیاییەوە ئەم شێوە روانینە بە مەبەستی دووبارە پێناسەکردنەوەی میتۆدی بەڕێوەبەرایەتیی رێکخراوەیی و ئەمرۆیی کردنی ئامانجەکانی خەبات، تەنیا لە چوارچێوەی پرۆسەی ریفۆرمو چاکسازی دا بە ئەنجام دەگا. بێ گومان ئەو حیزبانەی کە پرۆسەی ریفۆرم ناخەنە بەرنامەی کارو رێبازی خۆیانەوە لە داهاتوویەکی نزیك دا، قورسایی خۆیان لە دەست دەدەن. چونکە لە لایەنی دیالکتیکییەوە نەبوونی گۆڕانکاریو وەستان نیشانەی لە نێو چوونن.

تایبەتمەندیی حیزبە ریفۆرمخوازەکان بریتییە لە پەرەپێدانی تیۆری رەخنەگرانە لە هەموو پێکهاتەی رێکخراوەیی داو تێپەرین لە ئاوەزمەندێتیی ئامێرییانەوە (عقلانیت ابزاری) بۆ ئاوەزمەندێتیی رەخنەگرانە (عقلانیت انتقادی)و چاکسازی لە نێوخۆی حیزبەکان دا ، کارێك کە بەرهەمە سەرەکییەکەی لە باڵادەست بوونی خواستی تاکەکەسی بە سەر هێژموونیی پێکهاتەی دەسەڵات دا دەردەکەوێ . چاکسازیی نێو حیزبی بێ گومان دەبێتە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم باڵادەست بوونی زاڵێتیی تاکەکەسی بە سەر بڕیارە حیزبییەکان دا. رەوتی ریفۆرمیستی بە خستنەرووی شێوازە بیرکردنەوەیەکی یەکگرتووکەرانە، رێگا بۆ زاڵبوون بە سەر بۆشایی هزریی نەوەکان خۆش دەکاو لە رێگای پشتگری لە لیبرالیزەبوونی ئۆرگانە حیزبییەکان، پێش لە دەرکەوتنی بیرۆکەی ڕەهاخوازو پاوانخوازەکان لە چوارچێوەی تاك یا گرووپ دا دەگرێو بە پێکهێنانی دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، وەبیر هەمووانی دێنێتەوە کە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ لەگەڵ کەسایەتیی دێموکراتیك، هێچ جۆرە ناتەباییەکی نابێ. کارکردی سەرەکیی رەوتی ریفۆرم بریتی بووە لە پێکهێنانی هاودەنگیو یەکگرتوویی لە نێوان پەیماننامە نەتەوەییەکانو پێداویستییەکانی زەمەن - شوێنو ئاستی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان. دیارە ئەم رەوتە لە هەمان کاتیش دا کە لە سەر جەوهەری سەرەکی خەبات پێدادەگرێو هەوڵ دەدا کە لە رێگای ئاوێتەکردنو لێکگرێدانی دوو توخمی، ئەزموونو وشیاری رێگاچارەیەکی لە تەواوی کردەیی بخاتە روو. رێگاچارەیەك کە بە پێداچوونەوە بە میکانیزمەکانی ڕابردووو لێکدانەوەی بەردەوامەوە سەرچاوە دەگرێ.

رەوتی ریفۆرم بە خوێندنەوەیەکی نوێ، لە مەڕ وتەزای پێکهاتەی دەسەڵاتو پێوەندییە نێو رێکخراوەییەکانو بە مەبەستی گەشەی هەرچی زیاتری دیمۆکراسی، باوەڕێکی قووڵی بەو بابەتە هەیە کە زۆرایەتیەك کە مافی کەمایەتی بپارێزی، بە دڵنیاییەوە جۆرێك دەروەستی لە کەمایەتیدا پێك دێنێ بۆ ئەوەی بڕیارەکانی بەڕێوەبەرێ.

بۆچوونێکی ئەوتۆ، کەشو هەوایەك دەخولقێنی کە لەودا لە جیاتی تێکهەڵچوونو دژایەتیی چوارچێوە نەگۆڕەکان شایەدی پێکگەیشتنو هەڵکردنی نێوان روانگە جۆراوجۆرەکان بین. بە دڵنیاییەوە تێروانینێکی ئەوتۆ بوار بۆ گەشەی سیستمە هزریو سیاسەتە وەستاو گۆڕان هەڵنەگرەکان ناهێڵێتەوە. دیارە گرتنە بەری ئەم رێبازە چاوگەی گەشەی سیستمە فیکریو سیاسیە دوگم و نەگۆڕو داخراوەکان کوێر دەکاتەوە.

**زۆرایەتیەك کە مافی کەمایەتی بپارێزی، بە دڵنیاییەوە جۆرێك دەروەستی لە کەمایەتیدا پێك دێنێ بۆ ئەوەی بڕیارەکانی بەڕێوەبەرێ**

# دەسەڵاتدارێتیی خەڵك

## بەشی دووهەم

و بۆ کوردی: عەولا بەهرامی / و بۆ فارسی: نەسرین تەباتەبایی/ نووسینی: Peter M.Merki
وەرگیراو لە: دایرەالمعارف دمکراسی

### سەرکەوتنی پارلمانی ئینگلستان

هۆکارێکی دیکە کە بۆ هاتنەدی حکوومەتی خەڵك پێویست بوو و هێشتا لە گۆڕێدا نەبوو بریتی بوو لە پەرەگرتنی هەستی ئازادیی تاکەکەسی لە سنووردارییە مەزهەبی و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پشێوییە کۆمەڵایەتیو سیاسییە بەربڵاوانەی کە لە سەدەکانی شازدەهەم و هەڤدەهەم دا روویان دا ئەم ئازادییەیان کردەیی کرد. بەم چەشنە کەسانی سەربەست کە ئێستا ژمارەیان زۆربوو، رەزامەندییان بۆ حکوومەتێك دەربڕی کە دەوڵەتێکی نائایینی بوو لە دەسەڵاتی ئایینی و چاودێریی کۆمەڵایەتی جیاکرابۆوە و دەسەڵاتی یاسایی ئەو بە چەشنێکی زێدەروو دەرهەست دەبوو. یەکێك لە بانگەشەکانی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە سەرهەڵدانی تیۆرێکی سیاسی دێموکراتیکی بوو کە لایەنگرانی ئەو خوازیاری رێفورمی زەوی و زار و مانەوەی زەوییە گشتییەکانی گوندە ئینگلیسیەکان بوون و لە بەرانبەر شەپۆلی دەسورەدانی زەوییە گشتییەکان لە سەدەی هەڤدەهەم دا خۆراگرییان دەکرد. "دیگێرەکان" [گرووپێك لە "یەکسانیخوازان" کە لەساڵی ١٦٤٩دا لە زەوییە گشتییەکان دا دەستیان بە کشتوکاڵ کرد] و "یەکسانیخوازەکان" نەك تەنیا لەبەرانبەر خاوەن زەوییە چاوچنۆکەکان دا لە بەشی سروشتیی کەسانی سەر بە چینە ژێردەستەکان داکۆکیان دەکرد، بەڵکوو خوازیاری جێگیربوونی جۆرێك عورفی یاسا سەردارانە و یاسای فەرمی بوون کە رێگە نەدا شا و پارلمان مافەکانی خەڵك زەوت بکەن و لەم پێناوەدا خەباتیان دەکرد. نارەزایەتییەکانی ئەوان لە گەرمەی شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان شار و پارلمان دا هیچی لێ نەکەوتەوە، بەڵام وێڕای ئەو تیۆرە سیاسییانەی دیکە کە لەو سەدە پڕ لە پشێوییەدا خۆلقان، لە سەدەی هەژدەیەمدا بواریان بۆ شۆڕشەکانی ئامریکا و فەرەنسا خۆش کرد.

ململانێی گەورەی نێوان پاشاکانی ئینگلستان (جیمزی یەکەم و چارلزی یەکەم) و پارلمان چووە مەیدانی شەڕەوە و پێکهاتنی "هاوبەرژەوەندی"یەکی (مشترك و المنافع) بێ پاشای لێ کەوتەوە کە پارلمانێکی بەرز و هەڵبژێردراو بەڕێوەی دەبرد. ئەندامانی پارلمان، کە لە چینی خانەدانەکان و بازرگانان بوون، لەلایەن هەموو خەڵکەوە هەڵبژێردرابوون، لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، دەسەڵاتی ئەو بەروونی لە راستیی "هەڵبژاردنی گشتی"یەوە سەرچاوەی دەگرت و، ژمارەیەك لە دیارترین فیلسوفە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە شکستی بەرچاوی پاشا، کە دەیگوت پاشایەتی مافێکە کە لەلایەن خواوەندەوە بەو ئەسپێردراوە، ئاکامی گرنگیان وەرگرت.

یەکێك لەوان جان لاك بوو کە لە نامیلکەی یەکەم دا سەبارەت بە حکوومەت (١٦٨٩)، ئەو بەڵگاندنانەی دایە بەر رەخنە کە توماس هابز و رابێرت فیلمێر بۆ داکۆکی کردن لە مافی رەها و ئیلاهیی پاشاکان دەیان هێنایەوە. لاك لە هەر دووك نامیلکەکەیدا دەستەوداوێنی چیرۆکی تاکەکان "لەدۆخی سروشتیدا" کە هابز بە پشت بەستن بەو ئاکامێکی بەتەواوی جیاوازی وەرگرتبوو، بوو. ئەو بە کەلك وەرگرتن لەم باکگراوەندە هەم باسی لە مافە "سروشتی"یەکانی تاکەکان و هەم باسی لە رەزامەندیی ئەوان لەگەڵ پەیمانی کۆمەڵایەتی کرد کە بە پێکەوە گرێدانی تاکەکان کۆمەڵگەیەك دروست دەکا و ئەو لەبەرانبەر دەوڵەتێکی رێکخراودا دەرەوەست دەکا. بە بڕوای لاك و "ویگە" ئینگلیسیەکان (حیزبێکی خانەدانی کە دەیان ویست دەسەڵاتی پاشا سنووردار بکەن)، پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەو دەرەتانەی بەوان دەدا کە بەروونی باس لە ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافی خاوەندارێتی بکەن، ئەو ماف و ئازادیانەی کە دەیانەویست ـ نەك تەنیا لەبەرانبەر پاشادا، بەڵکوو لە بەرانبەر ئەو خەڵکەدا کە بەبێ ئەملاوئەولا ملیان بۆ دەسەڵاتی بێسنوور و میراتیانەی ئەوان راکێشابوو ـ بەرگریان لێ بکەن. سەرەڕای بەڵگاندنەکانی کۆماریخوازەکانی وەك جیمز هرینگتۆن و جان میلتۆن، کە بڕوایان بە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك هەبوو، سەرەنجام پاشایەتی بۆ ئینگلستان گەڕایەوە. بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بە رەزامەندیی پارلمان ئەنجام درا، کە دەسەڵاتی ئەو لە هەڵبژاردنی گشتییەوە ـ یان بە وتەی لاك لە "رەزامەندیی زۆرینەوە"ـ سەرچاوەی دەگرت.

### گیانی شۆڕشگێڕانە

لە ئەورووپا هێزی نوێی تاکگەرایانە لە بێلژیك و هولەندا گەشەی کردبوو. بندیکت دێ سپینوزا، لە نامیلکەی ئیلاهی ـ سیاسی (١٩٧٠)دا بەڵگەی هێنایەوە کە تەنیا دێموکراسییە کە دەرەتان بۆ خەڵك پێك دێنێ کە سەبارەت بە دەوڵەتی خۆیان بڕیار بدەن. بەڵام بەشی زۆری ئەورووپا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە توتالیتێرە سەرەرۆکان دا بوو. لە فەرەنسا لایەنی سیاسیی بزووتنەوەی "رۆشنگەری" لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەیەم دا ـ و بە چەشنێکی توندرۆیانەتر لە هەموان لە نووسینەکانی ژان ژاك رۆسۆدا لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا (١٧٦٢) ـ هاتە گۆڕێ.

رۆسۆ لەو بڕوایەدا بوو کە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك مافێکە کە بەوان بەخشراوەو شیاوی ئەستاندنەوە نیەو، بە پێچەوانەی "ویگە" ئینگلیسیەکان، لەم بڕوایەدا بوو کە ناتوانرێ ئەم مافە بە ئەنجومەنی یاسادانان بسپێردرێ، چونکە پێش بینیی ئەوەی دەکرد کە ئەم ئەنجومەنە لە پێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، یا بەرژەوەندییەکانی گرووپێکی دیاریکراو دا کار بکا. بەبێ رەزامەندیی خەڵك ناتوانرێ هیچ یاسایەکی راستەقینە دابنرێ. رۆسۆ باسی لە پرۆسەیەك کرد کە بەپێی ئەو کۆمەڵگە وەك رەنگدانەوەی خواستی گشتی، کە لە جەوهەردا ئاکارێکە و کەمایەتییە دژبەرەکان وەخۆ ناگرێ، یاسا دادەنێ. ئەم تیۆریەی ویستی گشتی، کە ئاوێتەیەکی نەناسراو بوو لە گوێ لە مستییەکی لێبڕاوانە بۆ قازانجی گشتی و سەرتریی کۆمەڵایەتیی کۆماریخوازان (لە کۆماری رۆمەوە تا کۆماری ئەمریکا کە دواتر شکڵی گرت)، هێندێك کەس بە سەرەرۆییان داناوەو هێندێك کەسیش ئەویان بە هۆکاری چەمهەڵنەگریی شۆڕشی فەرەنسا زانیوە. ژمارەیەك لە "ژاکوبنەکان"، توندرەوترین قۆڵی شۆڕشگێرە فەرانسەییەکان کە هۆکاری "حکوومەتی ترس" بوون، لەوانە ماکسیمیلیان روبسپیر، لە شوێنکەوتووانی رۆسۆ بوون.


بەڵام لەم نێوەدا، شۆڕش و "یاسای بنچینەیی ئەمریکا" لە ئاراستەیەکی تارادەیەك جیاواز دا دەرکەوتبوون. وا دایارە لە شەڕی سەرکەوتوانەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك "دارێژەرانی یاسای بنچینەیی ئەمریکا لە ئەنجومەنی فیلادلفیا" ناچار کرد کە لە جیاتی پێرەوی کردن لە رۆسۆ لە رێنوێنییەکانی لاك و مونتسکیو، فیلسوفی فەرەنسی، پێرەوی بکەن. یاسا بنچینەییە بەناوبانگەکەی ئەوان، کە هێشتا بۆ دامەزارانی حکوومەتی دێموکراتیك باش نەبوو، بەتوندی هەوڵی دابوو کە دەسەڵاتی نوێنەرانی خەڵك لە ئەنجومەنی نوێنەران دا سنووردار بکا. یاسای بنچینەیی رێژیم بەهۆی ئەنجومەنی گەلێکی دیکەوە کە راستەوخۆ هەڵنەدەبژێردران، هێزەکانی کۆنترۆڵ و هاوسەنگ دەکرد. ئەمانە بریتی بوون لە سیناتۆرەکان، سەرۆك کۆمار (کە بەهۆی کۆڕ یا کالێجی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرا)، و دادوەرەکانی فیدرال. یاسای بنچینەییی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە بە وێنەی بەرچاوی ئەو هەوڵانە دەژمێردرێ کە لە پێناوی دامەزراندنی حکوومەتی تێکەڵاو دا و ئەو سیاسەتانەی لەلایەن ئەرەستوو مونتسکیوە پێشنیار کرابوون، مژدەبەخشی [سەرهەڵدانی] رەوتی نوێی هزری ئازادیخوازانە یان لیبرالی میانەرۆ و حکوومەتی یاساتەوەر بوو. دوای سەدەگەلێك کە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خەڵك لە تیۆرەکانی ئەو زۆر لە دواتر بوو، ئێستا کە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەکارهێنانی ئەوان تیۆرگەلێك دادەرێژران.

"شۆڕشی فەرەنسا" و "دەورانی ترس و توقاندن"ی ئەو بووتە هۆی ئەوە کە زۆر لە رەخنەگران، لەوانە ئیدمۆند بێرك و دەیوید هیوم، لەگەڵ کۆڵەکە فەلسەفییەکانی تاکەگەرایی و شۆڕشی گشتی کە ئەم شۆڕشە لەسەر ئەوان بنیات نرابوو، ململانێ بکەن. گرنگترین بیرمەندە سیاسییەکانی سەردەمی دوای شۆڕش، ئازادیخوازە میانەرەوەکانی وەك: بێنژامین کونستان، دو رۆبێك و ئالێکسی دوتوکویل بوون. ئەوان پشتگریان لە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك دەرکرد. بەڵام پێیان باش بوو کە بەکارهێنانی ئەو سنووردار بێ. کونستان، وەك زۆر لە نووسەرانی سەدەی نوزدەیەم، پاشایی مەرجداری بەپێی مۆدێلی ئینگلیسی پێی باش بوو، بەڵام جۆرێکی ئەوی بەلاوە پەسند بوو کە لەبەرانبەر کردەوە سەرەرۆیانەکانی دەوڵەت دا داکۆکی لە ئازادییە تاکەکەسییەکان بکا. روانینی وشیارانەی ئەو لە دێموکراسیی ئەمریکا لە سەردەمی ئەندرۆ جەکسۆن دا، سەرەڕای پێشوازیی ئەو لە سەرهەڵدانی دێموکراسی، دەربڕی ترسی ئەو لە سەرەرۆیی زۆرینە بوو. رەنگە جان ستوارت میل، کاتێك کە لە کتێبی دەربارەی ئازادی دا (١٨٥٩) باسی لەو مەترسییە کرد کە ستەمگەری راستەقینە هەمان کۆمەڵانی خەڵکە کە بە هەموویان کۆمەڵگە پێك دێنن، باشتر لە هەر کەسێك باسی لە روانگەی ئازادیخوازانەی میانەرەو کرد.

هەرکام لە بیرمەندانی سەردەمی نۆزدەیەم لە بەرانبەر زۆرینەی ستەمگەری خەڵکی دەسەڵاتدار دا خوازیاری دانانی رێوشوێنی پارێزگاری کردنی دامەزراوەییانە بۆ تاکەکان و کەمایەتییەکان بوو. توکویل هەروەها توانای ئەنجومەنە خۆبەخشەکانی بۆ پشتگیری لە مافەکانی کەمایەتییەکان بەرز دەنرخاند. لۆرد ئەکتون، یەکێك لە بەناوبانگترین شوێن کەوتوانی توکویل، لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ لە دەسەڵاتدارێتیی بێ سنووری خەڵك بەو چەشنە کە رێبازی رۆسۆ و شۆڕشی فەرەنسا دا هاتبوو خۆ بپارێزرێ.

### پرسەکانی سەدەی بیستەم

لە داویین ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا گەڕانەوە بۆ ئایین و نەریت و گەڕان بەدوای دەسەڵاتی سیاسیی کۆتایی لەوان دا بەدوور دەزانرا. لەگەڵ ئەمەش دا، بونیادگەرایانی ئایینی لە هەموو جێگایەك لە هەوڵی بوژاندنەوەی حکوومەتی ئایینی دان و خوداو "وحی الهی" دەخەنە سەرووی سیستمی سیاسیی خۆیانەوە. هەروەها ئەو هاوپێوەندییە بەربڵاوە گشتیانەی بۆ پشتگری لە ئایدیۆلۆژییەکانی وەك کومۆنیسم، فاشیسم و، نەتەوەگەرایی (ناسیونالیسم)ی شۆڕشگێڕانە پێك دەهاتن، هەرچەند بە شێوازی گوماناوی و بەبێ دانانی رێوشوێنی پارێزەرانە لە یاساکان و یاسای بنچینەیی دا، پشتیان بە دەسەڵاتی (خەڵك) دەبەست. لەلایەکی دیکەوە، چەمکی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك لە دارشتنی یاسای بنچینەیی نوێ دا، چ ئەو یاسایانە بە چەشنێکی بنەمایی دێموکرات بن یان لەواندا بە شێوازگەلێك سەپاندنی دەسەڵاتی خەڵك سنووردار کرابێ، هەروا دەورێکی گرنگی هەبوو.



**رۆسۆ لەو بڕوایەدا بوو کە دەسەڵاتدارێتیی خەڵك مافێکە کە بەوان بەخشراوەو شیاوی ئەستاندنەوە نیەو، بە پێچەوانەی "ویگە" ئینگلیسیەکان، لەم بڕوایەدا بوو کە ناتوانرێ ئەم مافە بە ئەنجومەنی یاسادانان بسپێردرێ**

**بونیادگەرایانی ئایینی لە هەموو جێگایەك لە هەوڵی بوژاندنەوەی حکوومەتی ئایینی دان و خوداو "وحی الهی" دەخەنە سەرووی سیستمی سیاسیی خۆیانەوە**

خالید عەزیزی لە وتوویژێك لەگەڵ رادیۆ فەردادا:

# ئەمریکایی یەکانو ئوروو پایی یەکان دەبێ بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە



خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران لە وتوویژ لە گەڵ رادیۆ فەردا لە بارەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنی شوراکانو کاریگەریی ئەم بەشداری‌یە لە سەر پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی دەوڵەتی ئێران دا بە رادیۆ فەردای گوت:

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی هەڵبژاردن لە ئێران دا، لە درێژایی ساڵانی رابردوودا [دەسەڵاتداران] هەموو کات بۆ پێشاندانی رەوایی خۆیانو ئەوە کە لە نێوخۆی ئێران دا پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵ دایە، کەلکیان وەرگرتوە. لە دژی ئەمریکاو تا رادەیەکیش لە دژی ئورووپایی یەکان بە کاریان هێناوە، بۆ ئەوەی بەوان بڵێن ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە روو بەروو بوونەوە لەگەڵ ئێران دا، لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە رووبەروون. من لە سەر ئەو باوەڕەم ئەوندەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی ئوروپایی‌یەکانو ئەمریکایی‌یەکان، [ئەم هەڵبژاردنە] کاریگەری‌یەکی ئەوەندە جیددیی لە سەر سیاسەتەکانی ئەوان نابێ. هۆیەکەشی ئەوەیە لە رابردووش دا کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بە شێوەی جۆراوجۆر خەڵك بێنێتە سەر سندووقەکانی دەنگدانو، هەمیشە لە بەشداریی بەرچاوی خەڵك بۆ فریودانی بیروڕای گشتی لە دەرەوەی وڵات کەلك وەربگرێ.

پێم وایە ئەمجاریش کۆماری ئیسلامی لەم فاکتۆرە بە دژی دنیای دەرەوەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ناکۆکییانەدا کە لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم لەگەڵ ئەمریکاو ئورووپایی‌یەکان هەیەتی، کەڵك وەردەگرێ. یەکێك لە کەمو کورتی‌یە جیدی‌یەکانی دەوڵەتی ئەمریکاو تا رادەیەك وڵاتانی ئورووپایی لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئێران دا ئەوە بووە کە ئەمانە هیچ کات کارێکی ئەوتۆیان نەکردوە کە خەڵکی ئێران لە قازانجەکانی پرۆژەکانی خۆیان بە دژی [رێژیمی] ئێران بکەن بە شەریك. بەو مانایە کە بۆ ئێرانییەك کە لە وڵاتی ئێران دا دەژی، رەنگە زۆر گرنگ نەبێ کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی خەریکی تێکنۆلۆژیی ئۆرانیۆمە یا تەنانەت چەکی ئەتۆمیی دەبێ. ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو عەرەبەکانیش، پرسی ئەمڕۆی خەڵك نیە. پێم وایە ئەمە دەتوانێ سیگناڵێك بنێرێ بۆ ئەمریکایی‌یەکانو ئورووپایی‌یەکان بۆ ئەوەی گۆڕانێکی جیددی لە سیاسەتەکانی خۆیان بە دژی ئێران پێك بێنن. بەم پێ‌یە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێ وەك فاکتۆرێك لە چۆنیەتیی رووبەروو بوونەوەی ئیران لەگەڵ دنیای دەرەوەو لە رووبەروو بوونەوەی ئەمریکاو ئورووپا لەگەڵ ئێران دا رۆڵی هەبێ، واتە هەر دوو لایەنی کێشەکە بە خۆیان دا بچنەوە. بەخۆداچوونەوەی ئورووپایی‌یەکانو ئەمریکایی‌یەکان بەو جۆرە بێ کە خەڵکی ئێران بتوانن رۆلێکی جیددییان لە چۆنیەتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ رێژیمی وڵاتی خۆیان لە پێناوی دیمۆکراسیو پێشگیری لە دەستڕاگەیشتنی ئەو رێژیمە بە چەکی ئەتۆمی‌دا هەبێ. جا میکانیزمی چۆنیەتیی کەلکوەرگرتن لە وزەو پۆتانسیەلی خەڵکی ئێران چلۆنو بە چ شکڵێك دەبێ، ئەمە دەبێ بە جیددی لێی بکۆڵرێتەوە. ئەمەش پێویستی بە بەخۆداچوونەوەی ئەمریکا لە سیاسەتی بەرامبەر بە ئێران دا هەیە. مەبەستم ئەوەیە لە سیاسەتی ئەوان بە دژی ئێران دا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، هێزە دێموکراتیکەکان، خەڵکی ئێران، پارێزەرانی مافی مرۆڤو ئەو رەوتانەی لە نێوخۆی ئێران دا لایەنگری گۆڕانن، نابێ پشت گوێ بخرێن. ئەمە هەر ئەو فاکتۆرەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرجار کەلکی لێ‌وەرگرتوە.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد



رۆژی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی کاك رەسووڵ ئیسماعیل پوور ناسراو بە رەسووڵ بێتووشی کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو کە ساڵی ١٣٣٩ لە گوندی بێتووشی ناوچەی سەردەشت لە دایك بووە. لە ساڵی ١٣٥٩ لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بۆتە پێشمەرگەو لە هێزی گیارەنگ دا رێك خراوە.

دواتر بە هۆی بریندار بوون لە شەڕداو کەمئەندام بوون لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی درێژەی بە خەبات دا.


بەم بۆنەیەوە وێڕای بەداخبوون لە کۆچی ناوەختی ئەم هاوڕێیەمان، خۆمان لە خەمو پەژارەی بنەماڵەکەی‌دا بە بەشدار دەزانین.

## پشتیوانی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران

پشتیوانیی کومیتە حیزبییەکان، رێکخراوە سینفی‌یەکانی سەر بە حیزبی دیموکرات، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و، لاوان، خوێندکاران و رووناکبیران لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، هەروا روو لە زیادبوونە. لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا چەند بەشێك لە هێندێك لە بەیاننامە و پەیامی پشتیوانیی ئەو بەڕێزانەمان خستۆتە بەرچاوی خوێنەران، داوای لێبوردن لەو کومیتە و رێکخراو و دۆستانە دەکەین کە نەمانتوانی هەڵبژاردەیەك لە پەیامەکانیان لێرەدا بڵاو بکەینەوە. سەرجەمی ئەو پەیامانە لە ماڵپەڕی ناوەندیی حیزب: www.Kurdistanukurd.Com دا بڵاو بوونەتەوە.

ـ "کومیتەی لینشۆپینگ"ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
ـــ کۆمیتەی پشدەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
ـــ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس
ـــ کۆمەڵێك لە ئەندامانی نهێنیی حیزب "شەریفزادە" و "ئەویندارانی کوردستان" لە سنە
ـــ کومیتەی یوتوبۆریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
ـ کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی نێوخۆی کوردستان دیمۆکراتی
—کۆمەڵێك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە فەڕانسە
کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران/بریتانیا ـ کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارك ـ زۆرایەتیی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی ئوستراليا ـ کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارك ـ کۆمەڵێك لە خوێندکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ـ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە تورکیە ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران (کۆمیتەی بێلژیك) ـــ کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئاڵمان) ـ کۆمەڵێك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی هولەند ـ کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کانادا ـ کۆمەڵێك لە خوێندکارانی کورد لە زانکوکانی ئێران ـ کۆمیتەی هەولێری ئەندامانی حیزب ـ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، کۆمیتەی سوئێد ـ هەیئەتی ئامادەکار و بەرێوەبەری کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، کۆمیتەی نۆروێژ ـ کۆمیتەی بیتوێنی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران.

# بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە شانۆی هەڵبژاردن



*درێژەی لاپەڕی ١*

لە گۆڕەپانی "شۆڕش"ی شاری مەهاباد لاوان بە ئاگر کردنەوە و دروشمدان بەدژی رێژیم، هەڵبژاردنیان بایکوت کرد. ئەم هەڵوێستەی لاوان بووە هۆی ئەوە کە رێژیم ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی خۆی بۆ سەرکوتی ئەوان رەوانەی گۆڕەپانی شۆڕش بکات. هێزەکانی رێژیم بە گازی فرمێسك هێنەر هەوڵی بڵاوە پێکردنی لاوانیان دا و لە بەرامبەریش‌دا لاوان بە بەرد و کەرەستەی دیکە وەڵامی هێزەکانی رێژیمیان دایەوە. تێکهەڵچوونەکان تا سەرەتاکانی شەو درێژەی کێشا. دەوترێ دوو لاو کە تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە ناوەکانیان ئاشکرا نەبووە، دەستگیر و رەوانەی ئەماکن کراون، هەروەها هێزەکانی رێژیم لاوێکی تریان دەستگیر کرد کە بە هەوڵی ژنانی خەباتگێڕ لە چنگی هێزە سەرکوتکەرەکان رزگار کرا.

لە لایەکی‌ترەوە لە سنەوە هەواڵمان پێگەیشتوە کە لەو شارەش ساردییەکی تەواو بەسەر کەشی هەڵبژاردن‌دا زاڵ بوو. ئەمە لەکاتێك‌دایە کە رێژیم بۆ راکێشانی خەڵك بۆ ناوەندەکانی دەنگدان، بە کاندیدا کردنی ژمارەیەکی بەرچاو مۆرەی غەیرەکورد دەستی دابوویە پیلانگێڕی.

رێژیم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوخەڵکی سنەدا پروپاگەندەی دەکرد ئەگەر بێتوو خەڵك بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا نەکەن ئەوا بەدەنگی نیزامی و بەسیجی و غەیرەکوردە هێنراوەکان، کاندیدا دڵخوازەکانی رێژیم (غەیرە کوردەکان) سەردەکەون.

بەڵام سەرەڕای ئەم پیلانگێڕییەش ئاستی بەشداریکردن زۆر نزم بوو. خەڵکی سنە لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆربەی بەشداربووەکانیش زیاتر لەوانەن کە بەجۆرێك بەستراوەییان بە رێژیمەوە هەیە و لە غەیرە کوردەکان هێنراوەکان کە بە هاندانی رێژیم بۆ سەرخستنی بەبژارە غەیرە کوردەکان بەشدارییان کردبوو.

هەروەها هەواڵەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان وەك کرماشان، سەقز، ورمێ، مەریوان، بۆکان، جوانڕۆ، سەردەشت، پاوە، کامیاران و... هەروەکوو خەڵکی سنە و مهاباد هەڵبژاردنیان بایکوت کرد.

## جودابیرانی دڵسۆزو لایەنگرانی ریفۆرمو گۆڕین بەخێربێن

*هاونیشتمانە بەڕێزەکان!*
*تێکۆشەرانی دیمۆکرات!*

تەنیا سێ رۆژ دوای لێك جیابوونەوەی دوو رەوتی فرەیی‌خوازو پاوانخوازی نێوحیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژی ١٨ی سەرماوەز کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگە کە نزیك بە دوو ساڵە بە ناوی "رەوتی ریفۆرم" تێکۆشانێکی سالمو دڵسۆزانەیان بۆ بەرەوپێشبردنی فکری نوێو ئاڵوگۆڕ لە نێو حیزب دا دەست پێ‌کردوە، بە دەرکردنی راگەیاندراوێك پەیوەست بوونی خۆیان بە "حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران"ەوە راگەیاند.

بڕیاری پەیوەست بوونی ئەو پۆلە لە رووناکبیرانی شۆرشگێڕی نێوحیزبی دیموکرات بە ریزەکانی ئێمەوە ئاکامی لێکدانەوەیەکی لە پڕو لە ناکاو نیە، بەڵکوو بۆ زۆربەیان ئەزموونی نیزیك بە پێنج ساڵ ئاشنایی لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەو بەشە لە رێبەریو بەدەنەی حیزبەکەمانە کە هەتا چەند رۆژ لەمەوبەر بە کەمایەتیی کومیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدە دەناسران.

ئێمە وێڕای پێشوازیی گەرم لەو هاوڕێیانەو خۆشحاڵی لەو بڕیارە ئاگایانەیان بە گەرمی بەخێرهاتنی خۆیانو هەموو بیروبۆچوونە بنیاتنەرەکانیان دەکەینو بەڵێن بەوانیشو هەموو جیابیرانیش دەدەین کە هیچ وەخت رەفتارێکی وا لە رێبەرایەتیی حیزبەکەمان نابینن لەم بڕیارەیان پەژیوان ببنەوەو ئەو هەڵبژاردن "انتخاب"ەی خۆیان بە شتێکی بە پەلەو هەڵسەنگێندراو تێ‌بگەن.

لەم دەرفەتەدا هەموو رووناکبیرانی شۆرشگێڕی ئۆگری گۆڕانو نوێبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگهێشت دەکەین بە پەیوەست بوون بە حیزبی خۆشەویستیی خۆیان ریزەکانی ئەم حیزبە دەوڵەمەندتر بکەنو ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆیان بەجێ بگەیەنن. هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەین کە وەك هەمیشە هەر چەشنە پێشنیارێك بۆ گۆڕینو نوێکردنەوەی حیزب لە هەموو بوارەکان دا بە دڵفرەوانیو خۆشحاڵی‌یەوە وەردەگرین.

**حیزبی دیموکراتی**
**کوردستانی ـ ئێران**
**کومیتەی ناوەندی**
**١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی**
**٩ی دیسامبری ٢٠٠٦ی زایینی**

# هۆیەکانی جۆراوجۆریی رێبازە فیمینیستیی‌یەکان

## بەشی حەوتەم

وەرگێڕانی:
شنۆمێهرپەروەر

**ژن لە روانگەی ئیسلامەوە:**

ئیسلام وەك پیاو چاو لە ژن دەکا، کە سێ تایبەتمەندی هەیە وەك: بەرپرسیارێتی، دەسەڵات و پێگەیشتوویی. قورئان باس لە ژنانێك دەکا کە هاوقسەو نزیکی فریشتەکانن و جێی سەرنجی پێغەمبەران و خوان. ئەمەش سەلمێنەری کەسایەتیی بەرزو پیرۆزی ژنە، ژن و پیاو دوو بوونەوەری کۆمەڵایەتین و خوازیاری پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکەن، تا لە سایەی ئەم پێوەندییەدا خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك و خواستەکانیان بن و لە کۆتاییدا لە بوارگەلی جیاجیاوە گەشە بکەن. لە کولتووری ئیسلامیدا هەرکام لە تاکەکانی کۆمەڵگا پێگەیشتوویی خۆیان لە پێگەیشتوویی کەسانی دیکەی کۆمەڵگا دەزانن و هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلام بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی زیندوو، لەسەر پێویستیی هاوئاهەنگی و دۆستایەتی بەرامبەر لە پێوەندیدا، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژن و پیادا پێی داگرتووە.

**فیمینیستە رادیکاڵەکان پیاوان بە هۆی پیاو بوونیان و هەبوونی تایبەتمەندیی بیۆلۆژیکیی تایبەت، بە هۆکاری چەوسانەوەی رەگەزی دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن بە درێژایی مێژوو جیاوازیی رەگەزیی، هۆکاری رەگەزی زاڵ و سەرکەوتوو بووە**

**هەڵسەنگاندنی فیمینیزم:**

جۆراوجۆریی لایەنگرانی فیمینیزم و جیاوازیی بیرو ئەندێشەکانیان لەگەڵ یەکتر، ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە فیمینیزم تەنیا دەتوانێ لەبواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، نەك رێبازو ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت. لەوەی را کە بزووتنەوەی فیمینیزم لە هەناوی رێنسانسەوە هەڵقوڵاوەو لەسەر بنەمای جیهانبینیی رۆژئاوایە، مرۆڤ بە سەرچاوەی شەرع و سەربەخۆ لە وەحی دەزانێ. کەوابوو لای هیچکام لە فیمینیستەکان باوەڕ بە وەحی و دەسەڵاتدارێتیی ئایین لە سیستمی مرۆڤایەتیدا وەبەرچاو ناگرێ. تەنانەت لە نێوان هێندێك لە گرووپە فیمینیستییەکان بیرو بڕوای وا گەڵاڵە دەکرێ کە لە چوارچێوەی هیچ ئایین و مەزهەبێکدا بۆ باسکردن نابێ و نایەتە گۆڕێ، بۆ نموونە بە فەرمیی ناسینی هاوڕەگەزبازی (Homosexual) و مافی لەباربردنی کۆرپەڵە.

لە کۆی ئەم بابەت و باسانەدا دەگەینە ئەو ئاکامە کە فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ئۆمانیستی و مرۆڤانەیە. بڕوا بە یەکسانی و وەکیەکیی پێداویستیی و دەرەتانەکاندا هەیە.

لەوەی ڕا کە پەرەپێدانی خۆشبژێوی و کاروباری ماددی یەکێك لە بنەماکانی جیهانبینیی رۆژئاوایە، مەبەستی هەموو فیمینیستەکان پێکهێنانی کۆمەڵگایەکە کە لەودا جیاوازیدانان لەسەر بنەمای رەگەز، جێگای خۆی بداتە یەکسانی، تا ئامانجی یەکسانی و بەرانبەری و کەڵك وەرگرتن لە خۆشگوزەرانیی ماددی بێتەدی. کۆمەڵگایەکی باش لە روانگەی ئەوانەوە کۆمەڵگایەکە جیاوازیی رۆڵەکان لەگەڵ یەکسانیی لە هەموو بوارو چالاکییەکان گۆڕانی بەسەر دابێ و لە مەیدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ژن و پیاو وەك یەك رۆڵ ببینن، بە بێ ئەوەی لە پێ ئەسپاردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەستە دەروونییەکان، توانایی و لێهاتوویی هێزی و جەستەییەکانیان کاریگەرییان هەبێ، لەم پێوەندییەدا فیمینیزم دەتوانێ ژنان لە چوارچێوەی بنەماڵەوە بهێنێتە گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکانەوەو بیانخاتە جێگەو پێگەیەکی بەڕواڵەت یەکسان و بەرامبەر لە شوێنی کارو فێربوون.

لە رۆژئاوادا، ژن بە هیوای گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری و دەسەڵات، وەدوای فیمینیزم کەوت، بەڵام بێجگە لە تێکشکانی کۆمەڵایەتی هیچی دیکەی وەچنگ نەکەوت. "نیکۆلاس دەیویدسێن" لەم پێوەندییەدا پێناسەیەکی جوانی هەیە: هەرچەند پێشتر، زۆرجاران لەگەڵ ژن وەك کاڵا مامەڵە کراوە، بەڵام ئەورۆکە ژن لە بنەڕەتدا متمانەی رەگەزی خۆی لەدەست داوەو ئەگەر پێشتر هۆی بێ بایەخ بوونی ژنان پیاوان بوو، بەڵام ئێستا کە خۆیان هۆی سەرەکین، ئەگەر دوژمنی لەمێژینەی رەسەنایەتیی مەسەلەی رەگەزی بوو، بەڵام دوژمنی ئێستاکەی نەبوونی رەسەنایەتی و بەرابەری لەگەڵ پیاوە.

لەوەڕا کە ژن و پیاو لە بواری روحی و خۆشەویستییەوە پێکەوە، جیاوازن ، لە بواری کۆمەڵایەتییەوە خاوەن کارامەیی جیاوازن، یان بە شێوەیەکی دیکە توانایی و لێهاتوویی و رۆڵ و مافە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا دێ، فیمینیستەکان زیاتر بڕوایان بە یەکسانی و بەرابەریی رەگەزی نێرو مێ هەیەو هەر جۆرە جیاوازییەك رەت دەکەنەوە. لە روانگەی ئیسلامەوە، کۆمەڵگای ئامانجخواز، کۆمەڵگایەکی دوو رەگەزییە کە ژن و پیاو نەتەنیا لە پێناسەو هەڵسوکەوتدا تا رادەیەك لە یەکتر جیاوازن، بەڵکوو لە کردەوەکانیشیاندا هەڵسوکەوتگەلی وەك یەك و زۆر جاریش رەفتاری جیاوازیان هەیە. هەر بۆیە ئەگەر مەبەست لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ماف و توانایی کۆمەڵایەتیدا وەك ئەو نموونانە بن کە باس کران، ئیسلام نەتەنیا ئەوەی بەدڵ نیەو پێداگریی لەسەر ناکا، بەڵکوو ئەم لایەنە بۆ هیچ کام لەو دوو رەگەزە بە باش و بەکەڵك نازانێ.

هێندێك لە فیمینیستەکان تایبەتمەندییە ژنانەکان بە باشترین تایبەتمەندی ناودێر دەکەن و بڕوا کردن بەم باشترین تایبەتمەندییە پێویستی بەو بابەتە هەیە کە ژن و پیاو لە سروشتی خۆیاندا هەڵسوکەوت و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان هەیەو ئەمەش هەر ئەو باسەیە کە فیمینیستەکان خۆیان لە پابەندبوون پێیەوە دەدزنەوە. فیمینیستەکان هێندێك خووخدەی ژنانە لەوانە گوێڕایەڵی و شوێنکەوتوویی پیاوان بە تایبەتمەندییەکی نەرێنی و خراپ دەزانن، کە کۆمەڵگای پیاوسالار بەسەریاندا سەپاندوە. بەڵام دەبێ بپرسین کاتێك ئەوەمان قبووڵ کرد کە تایبەتمەندییە ژنانەو پیاوانەکان لە ژێر کاریگەریی سیستمی پیاوسالاردا گەشەیان کردوە، بۆچی یەکێك لەم دووانە تایبەتمەندیی باشتریان هەیە؟ بە پێی باوەڕە ئیسلامییەکان، لەو جێگایەی کە تایبەتمەندییە ژنان و پیاوانەکان بنچی لە سروشتی هەر دوو رەگەزی نێرو مێ داکوتاوە، تایبەتمەندییەکی پێویست بە بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتییە تایبەتەکان کە ناتوانرێ هیچ کامیان بە ئەرێنی یان نەرێنی و بە باشتر لەوی دیکەیان دابنرێ. ئەم تایبەتمەندییانە ئەو کاتە شێوەی نەرێنی بە خۆیانەوە دەگرن کە بێ جێ بەکار ببردرێن. فیمینیستەکان، هۆی زوڵم کردن لە ژنان و ژێردەستەیی و چەوسانەوەیان دەگەڕێننەوە بۆ پیاوان. فیمینیستە رادیکاڵەکان پیاوان بە هۆی پیاو بوونیان و هەبوونی تایبەتمەندیی بیۆلۆژیکیی تایبەت، بە هۆکاری چەوسانەوەی رەگەزی دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن بە درێژایی مێژوو جیاوازیی رەگەزی هۆکاری رەگەزی زاڵ و سەرکەوتوو بووە. لە لایەکی دیکەشەوە گرووپێك لە فیمینیستەکان هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بە بنیاتنراو لەسەر چەوسانەوەو زوڵم دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە زەنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو لە زوڵم و زۆری و ملکەچی لە نێو گرووپە نەریتی، قەومی، رەگەزی، ئایینی و نەژادییەکاندا دەتوانرێ ببینرێ.

پێداگری لەسەر سەربەخۆیی ژنان و دوژمنایەتی لەگەڵ پیاو، پێش ئەوەی ببێتە هۆی وەدەستهێنانی ماف بۆ ژنان، دەبێتە هۆی پێکهێنانی پارادۆکس لە نێوان دوو رەگەزداو ژنان لە سەرنجدان بەو هۆ سەرەکییانەی دواکەوتوویی خۆیان کە دەسەڵات و شێوەی هەڵسوکەوت و ئەخلاقی ماددی و روحی سەرمایەدارییە، وەدوا دەخا. لەم ململانێیەدا هێندێك لە سیاسەتڤانان و ساماندارا‌ن زۆرترین قازانج دەکەن و بەکردەوە دەبنە کۆسپ لەسەر رێگای دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکیدا.

رێبازی ئیسلام، ئافراندن و خوڵقاندن بە شتێکی ژیرانەو مەبەستدارو، جیاوازییەکانیش بە پێکهێنەری پێکەوە گونجان و ئارامیی دەزانێ، لە روانگەی ئیسلامەوە هەر جۆرە پێوەندییەك لە نێوان تاکەکاندا کە ئاکامەکەی جیاوازیی لە لێهاتووییەکانی لێ بکەوێتەوە، بەشتێکی زاڵمانە دەزانرێ.



---

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(٢٤)

وەرگێڕانی:
ب.هانا

دژکردەوەی نەرێنی
Backlash

ئەم چەمکە، سۆزان فالوودی، ساڵی ١٩٩٢ بە هۆی چاپکردنی کتێبەکەی: "دژکردەوەی نەرێنی" شەڕی راگەیەندراو دژی ژنان، دایهێنا. بە تێگەیشتنی فالوودی لەم زاراوەیە، هەر چەشنە دژکردەوەیەکی دژە فیمینیستی لە بەرامبەر بزووتنەوەی ژنان و دەسکەوتەکانی لە بیاڤەکانی کولتووری خەڵك، سیاسەت، کار، مافەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی منداڵ و هەروەها پێشکەوتنەکانی ژنان لە بواری زانستگایی و تێکۆشانی تایبەت بە ژینگەو ئاشتیدا دەگرێتەوە:

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەیەی دوایی شایەدی هرووژمی توندتر دژی مافەکانی ژنان، دژکردەوەی نەرێنی و، هەوڵدان بە مەبەستی ئەستاندنەوەی ئەو سەرکەوتنە کەمانەیە کە بزووتنەوەی فیمینیستی بە زەحمەتێکی زۆر بە قازانجی ژنان بە دەستی هێناون ( .Faludi 1992.p.12).

فالوودی زۆرتر سەرنج دەداتە دژکردەوە نەرێنییەکانی سەردەمی هاوچەرخ ـ وەك ئەم ئەفسانەیە کە لە دوایی سی ساڵییەوە. نەزۆکیی ژنان بە توندی روو لە زیاد بوون دەکا ـ بەڵام بۆ هێنانە گۆڕی دژکردەوە نەرێنییەکان لە دوکیۆمێنتە مێژوویی‌یەکانیش کەڵك وەردەگرێ، دوکیۆمێنتی مێژوویی ئەوتۆ کە لە گەڵ خەباتی ژنان لە پێناوی مافەکانیان دا دەگونجێ.



ئەگەر بە هێڵی چوونەپێشی بزووتنەوەی مافەکانی ژنان دا بچینەوەو تا دەگەینەوە سەردەمی ڤیکتۆریا، وەدوای بکەوین، لەگەڵ رەوتێکی مارپێچی و روو لە پێش بەرەوروو دەبین کە چوار گۆڕانی گەورەی پێك هێنا: بە هێزبوونی خەبات لە پێناوی مافەکانی ژنان لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم دا، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٠٠دا، سەرەتاکانی دەیەی ١٩٤٠و سەرئەنجام سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠. بەڵام ئەو خەباتانە هەموو جارێ لە بەرامبەر دژکردەوەی نەرێنیدا، خۆی بەدەستەوە دا (Faludi,1992,P.68).

ئەگەرچی فالوودی واتای پەرچەکرداری دژە فیمینیستی لە هەمبەر دەسکەوتەکانی ژنانی برەو پێدا، بەڵام نووسەران و لێکۆڵەرە فیمینیستەکانی دیکەش خەریکی تۆمارکردن و لێکدانەوەی دژکردەوەی نەرێنین. لەم بوارەدا دەتوانین کارۆل سمارت (١٩٨٩) ناو ببەین کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە بارەی دژکردەوە نەرێنییەکان لە هەمبەر دەسکەوتەکانی ژنان لە بواری مافە قانوونییەکان، هەروەها سینتیا کۆلبۆرت (١٩٩١) کە راوەستانی پیاوان لە بەرامبەر یەکسانیی جینسی لە دامەزراوەو رێکخراوەکانی دایە بەر لێکۆڵینەوەو شیکاری.

*سەرچاوە کتێبی: "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"*
*نووسینی: مەگی هام، سارا گەمبل*
*وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی*
*لاپەڕەکانی ٤٩ و ٥٠*

---

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران کۆ ببنەوە**

# KURDISTAN

The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran

No: 451 21 Dec 2006

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com www.radiopdk_iran.com **e- mail:** info@ kurdistanukurd.org


## چیاکانی کوردستان

# پەنجە عەلی

# Panjah-Ali

پەنجـــە عـــەلی، یـــەك لـــەو بەرزاییانـەی پارێزگـەی کوردسـتانە کـە لـە بـاری رواڵـەت، چـۆنیەتیی دروســـــتبوون و پێکهاتــــــەی چینەکانیەوە، جیاوازییـەکی شـیاوی سـەرنجیان لەگـەڵ بەرزاییـەکانی رۆژئـاوای ئـەم پارێزگایـە هەیـە، وەك شـاهۆو کۆسـالان، لـە ریـزی ئـەو چـیایانە دایـە کـە بەرهـەمی بـەردە بگۆڕەکـان، خەرەنـدەکان و بـەردە گڕکانییەکانە.

بـەرزایی پەنجەعـەلی ٣٨٦٠ مـیترە لـە بەشـی ناوەنـدیی قـوروە، لـە ناوچەی پەنجەعەلیی باشوور سەر بە شارسـتانی قـوروە هەڵکـەوتوەو، کەوتۆتـە لای بـاکووری رۆژئـاواو باشـووری رۆژهـەڵات، تایبەتمەنـدیی جۆغرافیایی ئەم چیایە (درێژایی ٤٧/٣٣)و (بەرینایی ٣٥/٠٦)ە.

دەبـێ بگـوترێ لـەو رێگایانەشـەوە کـە دەڕواننـە شارسـتانی دێگـولان دەکـرێ لـە چیای پەنجەعەلی سەربکەوی، بە تایبـەتی لـە ئـاوایی ئەحمـەدئاوارە. بـەڵام بـۆ سەرکەوتن لـەم چیایە لـە رێگای قوروەوە دەکرێ رێگای ناسراوی ئـاوایی "قـەرەولاخ" هەڵبـژێری.

پەنجەعـەلی هـیچ حەشـارگە (پەناگـە)یـەکی نیـە. ئاوەکـەی دەچێتە چۆمی تاڵوار کە بەبناری بەرزاییەکانی ناوچەدا رادەبرێ.

بەهۆی خۆش بوونی رێگاکانیو ئاوو هەوای فێنكو سازگار، زۆر لە شاخەوانانو ئۆگرانی سروشت لە ئاستی پارێزگەی کوردستانو لە ئاستی ئێران دا، رووی تێدەکـەن. گیانلەبـەرانی جۆراوجـۆر لێرەولـەوێی ئـەو چـیایە دەبینـدرێن. گـورگ، رێـوی، مـار، کەروێشـك، هـەڵۆ، چـەقەڵو چـەندین جـۆر خشۆك، گیانلەبەرانی ئەم چیایە پێك دێنن. رووبـەری گیـایی ئـەم چیایە لـە رووەکی وەك گوێنی، رێواس، گێلاخە، جۆرەکانی کارگو چەند جـۆری جیـاواز گژوگیای دەرمانیو بۆنخۆش پێك هـاتوە.یـەکێك لـەو مەترسـییانەی لـە چیای پەنجە عـەلی ئەگـەری روودانیـان هەیـە، کـە ئـەویش لـە بـەرداوی بـوونو لێـژە توندەکانی نزیك ترۆپکی چیاوە سەرچاوە دەگرێ، مەترسی لافاوی بەهارانو پاییزانو رنـوو لـە وەرزی زستان دایە.

چـەمی "شـوور" گـرنگترین چـەمی ئـەم ناوچەیەیە کـە لـە چیای پەنجـە عەلییـەوە سەرچاوە دەگرێ. شەیدا ناسراوترین ترۆپکی نزیك لە پەنجە عەلیە. چوونو هاتنەوە بۆ سەر ترۆپکی پەنجـە عـەلی ٥ کاتـژمێر دەخایەنێ.



سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان" فتر اول: کوهها ـ ئامادە کردنی" ئەکبەر وەلەدبەگی

# پانۆرامای رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ

## دەست پێکردنی ژیانی هاوبەش لە بۆنەیەکی پیرۆزدا

لـە رێـورەسمی ئەمسـاڵی رۆژی پێشـمەرگەی کوردستان دا، کـچ و کـوڕێکی پێشمەرگە جێژنی دەسـت پێکردنـی ژیـانی هاوبەشـی خۆیان تێکـەڵ بـە جێـژنی ٢٦ی سـەرماوەز، رۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان کـرد. بـووك و زاوای پێشـمەرگە بـە هەڵبـژاردنی ئـەم رۆژە پـیرۆزە بـۆ دەسـت پێکردنـی ژیـانی هاوبـەش، واتایـەکی جوانیـان بـە ژیـانی لەمـەودوای خۆیـان و چـێژ و خۆشییەکی تایبەتیان بە رێورەسمی ئەمساڵ دا.

"کوردستان" بە بۆنەی دەست پێکردنی ژیانی هاوبەش پیرۆزبایی لە هاوڕێیان شاناز کاکـەزادە و حامید خانزادی دەکا و بەختیاری و سەرکەوتنیان لە ژیانی نوێیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازێ.





















## ژمارەی تازەی "لاوان" بلاوبۆوە

ژمارە ٢٥ی گۆڤاری "لاوان" ئۆرگانی یەکیـەتیی لاوانـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، سـەرماوەزی ١٣٨٥، لـەم رۆژانـەدا بلاوبـۆوە. لـەم ژمارەیـەی "لاوان"دا بەیاننامـەی پشـتیوانیی یەکیـەتیی لاوانـی دیمـوکرات لـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ـ ئێـران، دوکتـور قـاسملوو، شۆرشـگێڕی راسـتەقینە، خوێندنەوەیـەکی کـورت بـۆ بونیادگەرایی ئیسلامی، بـەجیهانیبوون، زمـانو کاریگـەریی وەرگێڕان، پیاوێك کە ئەتۆمی ناسی، پرۆسەی پـەروەردەو ونبـوونی خولیاکـان،و ژن لـە کۆمەڵگـەی داگیرکـراوداو کۆمەڵێك بابەتی نوێ قەڵەمان سەرنج رادەکێشن.

دەستخۆشیو پیرۆزبـایی بە دەتەی نووسـەرانو کـارگێڕانی ئەم گۆڤـارەو بەڕێوەبـەریی گشـتیی یەکیـەتیی لاوان دەڵێین.

**کوردستان**







## فیدراڵیزم

لەدنیای ئەمڕۆدا ئیدەی فیدرالیزم لە تیۆری سیاسـیدا بۆلێـك گرێـدانی ئاشـتیخوازانەی فرەخـوازی (کثـرت گرایـی)ی جۆراوجـۆریی نەتەوەیی، قەومی، کەلتووری، زمانی و ئایینی لە جیهان دا بە هەبوونی دەوڵـەتێکی کارامـە و هـەر لـەو کاتـەدا یەکپارچـە و ناسـانتراڵ، گرنگیـیـەکی تایبـەتیی هەیـە... ئیـدەی فێـدرالێزم، بـێ ئـەوەی چارەسـەرێك بـێ بـۆ هەموو گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان و هەموو نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکان، هەوڵێکـە بـۆ چارەسـەری ئاشـتیخوازانەی نابەرابەرییـە نەتەوەییـەکان. لـە نێـو وڵات دا و نزیـك کردنـەوەی ئـەوان لـە یـەکتر بـۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بە مەبەسـتی گـۆڕینی پێکهاتـە سیاسـییە حکوومەتییـەکان، هاوسـەنگ کردنـی نابەرابەرییـە ئابوورییەکان لە نێو نەتـەوەکان دا و خسـتنەرووی وەڵامێکـی دێمۆکراتیـك بۆ ئەوان، بێ ئەوەی شـیرازەی کـار و باری وڵات لە بەر یەك هەڵوەشێ.

بـە پێچـەوانەی سیسـتمە سـەنتراڵەکان، سیسـتمێکی فێـدراڵ وەك فۆرمێـك لـە حکوومەتـە ناسـەنتراڵەکان دەربـڕی جۆرێـك لـە سیستەمی سیاسی یەکە دەسەڵاتی سیاسـی لـەوێدا بـە شـێوەیەکی ئەسـتوونی(عمـودی)، لـە نێـوان حکوومەتی ناوەندی و ژێر کۆما (زیر مجموعە)ی ئەو دابەش دەکرێ.

لایـەنی بنـەڕەتیی فێـدرالیزم دەکرێ بەم جـۆرە پێناسـە بکـەین، سیسـتەمی سیاسـی داخوازانـەی خۆبـەڕێوەبردن (self – rule) و بەڕێوەبردنی هاوبەش (shared – rule). ئەم زاراوە سیاسـییە لـە وشەی لاتینی foedus بـە واتـای پەیمان و بەڵێن و رێککەوتن پێك هـاتوە. لـەم رێککەوتنـەدا، لایەنـەکان بـە یەکسـانی، پـەیمانێکی هاوبەشـی دەروەسـتانە لـە نێوخۆیـان دا دەبەسـتێ کـە بـە گـوێرەی ئـەو دەروەسـتییە (Covenant)، وێـڕای پاراسـتنی شـوناس (هویـت) و لایەنـە کۆمەڵایەتییەکانی تاکی خۆیان، بـوون (entity)ێکـی گشـتیتر و نوێی وەك بنەماڵە، دامەزراوەی سیاسی و هتد پێك دێنن کـە بـە نـۆرەی خۆیـان شوناسـێکی سـەربەخۆ و کۆمەڵایـەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

سەرچاوە: وتاری ئینتێرنێتیی "فدرالیسم چیست؟"، نووسینی هدایت سلطان زادە

---

# لە هەفتاو شەش بەر لەماڵاوایی

# ساڵەی لەدایکبوونی

# دوکتور قاسملووی نەمردا

ع. وریا

شەو زستانی هەر ساڵێك یادی لە دایکبوونی رێبەری نەمر دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوویە. شەوی داهاتوو (یـەکی بەفرانباری ١٣٨٥)، یـادی ٧٦ سـاڵەی لـە دایکبـوونی ئـەو کەسایەتییە گەورە دەکەینەوە. لە پێشـوازی ئـەو یـادەدا، کۆمـەڵێك لـە وتـە بەرنرخـەکانی وەبـیر دێنینـەوە، وەك هەمیشە دەیانکەین بە چرای رێگای تێکۆشانمان. هەر لـەم بۆنەیەشدا بە خوێنەرانی ئەم ستوونەو ئۆگرانی بیروباوەڕو ژیانی خەباتگێڕانـەی ئـەم رێبـەرە مەزنـە، رادەگەیـەنم بە نیازم دووهەم کتێبی خۆم لە یادی ئەو رێبـەرە بلیمەتـەدا، کـە گولبـژێرێك لـەو شـێعرو پەخشـانانەن لـە یـادی ئـەم کەسایەتییەدا نووسراون، لە ساڵی نوێی زایینیدا بۆچاپو بڵاوکردنەوە ئامادە بکەم. با ئەم نیازوبەڵێنە چەپکە گوڵێك بـێ لـە ئـۆگرێکی رێگـاو رێبازەکـەی بۆحەفتاوشەشـەمین ساڵرۆژیلە دایکبوونەکەی.

### رادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی دا، نیشانە رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە

ژنـان نیـوەی ئەنـدامانی کۆمـەڵن. هەرچـی کـەمتر لـە کاروبـاری کۆمـەڵدا بەشـدار بـن، ئەوەنـدە کـارو تێکۆشـانو خەللاقییەت لە کۆمـەڵدا کـەمترەو هـەر ئەوەنـدەش کۆمـەڵ پاشـکەوتووترە. بۆیـە رادەی بەشـداربوونی ژنـان لـە هـەموو بارەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتیو سیاسـی دا، نیشـانە رادەی پێشـکەوتوویی هـەر کۆمەڵێکـە. ئـەوە لـە بزووتنەوەیـەکی شۆڕشگێڕانەش دا هەر راستە. هەرچی ژنان بەرینترو چالاکتر تێـی دا بەشـدار بـن، ئەوەنـدە بزووتنـەوە پێشـکەوتووانەترو سەرکەوتووترە.

... بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەر نەبێ لە سێ بەرەدا خەبات بکـەین. خـەبات بکـەین بـۆ لابردنـی پاشـکەوتنی گشـتیی وڵاتەکەمان کە هۆی ئەسڵیی پاشکەوتنی ژنانیشە. تێبکۆشـین دژی هەموو دابو شوێنی کۆنەپەرستانە کە ژن لەگەڵ پیاو بە یەك مافو یەکسان سەیر ناکەن. خـەبات بکـەین دژی شـێوەی بیرکردنەوەی پاشکەوتووانەی پیاوان کە چەوساندنەوەی ژنـان لە نێو خۆیان دا بـە کـارێکی بـەجێ دەزانـن. تێبکۆشـین دژی خۆکەم بینیو لە خۆ دڵنیا نەبوونی ژنان، کە ستەمی کۆمـەڵو خێزان دژی خۆیان بە دیاردەیەکی ئاساییو رەوا دادەنـێنو لـە بەرامبەریدا تەسلیم دەبن.

*لە پەیامی دوکتور قاسملووی نەمر بەبۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٧*

### مەسەلەی ژنان

لـە تێکۆشـانی حیزبـی و سیاسـیی ئێمـە دا، دەبـێ جێگایەکی تایبـەت بـدرێ بـە ژنـان کـە نیـوەی دانیشـتووانی وڵاتەکـەمان پێـك دێـنن. وەك دەزانـن حیزبـی ئێمـە مـافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بـەڵام دانـانی ماف لە گەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵ دا مەودایەکی زۆریان لە بەین دا هەیە. دەبـێ ئـەو مەودایـە بـەرە بـەرە لـە بەین بچێ. بە بیر و رای حیزبی ئێمە هەرچـی ژنـان لـە کـارە کۆمـەڵاتی و سیاسـی یـەکان دا بەشـدار بـن کۆمـەڵ پێشـکەوتووترە و، هەرچـی لـە بزووتنـەوەی سیاسـیی نەتەوەیـەك دا ژنـان تێکۆشـەرتر بـن، بزووتنەوەکـە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

### ئەخلاق لە سیاسەت دا

ئێمە بێ ئوسولی و جنێو فرۆشی لە سیاسەت دا رەت دەکەینەوە، بۆ جـێگیر کردنـی ئـەخلاق لـە سیاسـەت دا تـێ دەکۆشین و یەکەم رێکخـراوی ئێرانـی بـووین کـە ئـەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.

### دێمۆکراسی

هـەرگیز خـەبات بـۆ دێموکڕاسـی نابـێ بچـێتە ژێـر سێبەری خەبات بۆ مـافی نەتەوایـەتی یـا خـەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێکهاتنی حیزبی دێموکڕاتە و تا حیزبی دێموکڕات ماوە دێموکڕاسی مەبەست و ئامانجیەتی .

### ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە

بە بڕۆای من ئەوەی بـۆ شۆڕشـگێڕێك گرنگـە ئەوەیـە کە نابـێ هـیچ کـات شـەرمەزاری ویـژدانی خـۆی بـێ و دەبـێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لـە دەسـتی هـاتوە، لـە پێنـاوی شـۆڕش، ئـازادی و رزگـاریی نیشتمانەکەی دا کردوویەتی.

**" هیچ نێعمەتێك لە جیهان دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و، رێگا نادا بکرێ بە مۆرە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتـە دەر، ببێتـە شەخسـییەت، ببێتـە فـەردێکی زینـدوو و چـالاکی کۆمەڵ"** "شیکردنەوەی کورتە باس"